دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

کوردستان

ژمارە: ٤٩٧

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ● چوارشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ - ٥ی نوامبری ٢٠٠٨ـ ١٥٠ تمەن

سیاسی



**فێدرالیسم و کێشەی دێمۆکراسی لە ئێراندا**

سیاسی



**ساڵرۆژی داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا لە لایەن ئێرانەوە**

کوردستانی



**ململانێی نێوان ئەرتەش و دەوڵەت لە تورکیا....**

کۆمەڵایەتی



**چۆن بڕوانینە پارلمانێك کە یاسای فرەژنی پەسند دەکاتەوە؟!**

# ئۆباما سەرۆکێکی ڕەش بۆ کۆشکی سپی

## هەموو بژێرەکان لە رۆژەڤ دا دەبن

عەولا بەهرامی

ئەمرۆ (سێ شەممە ٤ی نوامبر) هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەمریکا بەرێوە دەچێ. بەبێ لە بەر چاوگرتنی ئەگەرەکان و هەر چەشنە پێشبینییەك سەبارەت بەوەی کاندیدای کام یەك لە حیزبەکانی دێموکرات یان کۆماریخواز براوەی ئەم هەڵبژاردنە دەبێ و بۆ چوار ساڵ دەچێتە کۆشکی سپی، پرسێك کە بڕوای زۆرێك لە خاوەنڕایانی سیاسەتی نێونەتەوەیی هەروا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە کێشەی ناوکیی ئێرانە. پرسێك کە جێگایەکی تایبەتی لە سیاسەتی دەرەکیی سەرکۆماری داهاتووی ئەمریکا دا هەیەو دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. هەر چەند ئوباما و مەککین لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن دا وەك کێشەیەکی سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا گرنگیی زۆریان بەم بابەتە دا، بەڵام ئەوە کە ئەگەر هەرکام لەوان بچنە کۆشکی سپی چ مێتۆدێکی جیاواز لە بووش دەگرنەبەر رەنگە وەك پرسیارێك مابێتەوە. لەم نێوەدا چەند رۆژ لەمەوبەر رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست بەڵگەنامەیەکی بڵاو کردەوە کە دەتوانێ وڵامێکی تا رادەیەك روون بێ بۆ ئەم پرسیارە. لەم بەڵگەنامەیەدا کە واژۆی کەسایەتییە پلە بەرزەکانی هەردووك حیزبە گەورەکەی ئەمریکای پێوەیە پێشنیارگەلێك دەربارەی سیاسەتی داهاتووی دەوڵەتی ئەم وڵاتە لە ئاست فایلی ناوکیی ئێران دا هاتوونەتە گۆرێ.

لە بەندی یەکەمی ئەم بەڵگەنامەیەدا هاتوە: "دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانایی دروست کردنی چەکی ناوکی لە لایەنی ستراتژیکییەوە بە تەواوی قەبووڵ نەکراوە. ئەمە هەڕەشەیەکە بۆ تەناهیی نەتەوەیی ئەمریکا، ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی، تەناهیی وزە، پێوەندییە چەند لایەنەکان و هەروەها سیستمی پەیمانی قەدەغە بوونی پەرەپێدانی چەکی ناوکی (ئێن پی‌تی)". لە درێژەی ئەم بەندە دا وێڕای ئاماژە بە ناڕەوایی رێژیمی ئایین سالاری ئێران و پشتگیریی ئەم رێژیمە لە تیرۆریسم باسی سەرکێشییەکانی ئەم رێژیمە لە ئاست بریارنامەکانی ئەنجومەنی تەناهی دا کراوەو بێ-توانایی لە ناچار کردنی ئێران بە رەچاوکردنی داخوازەکانی کۆمەڵگەی جیهانی بە زەبرێکی قورس لە سیستمی حوقووقی نێونەتەوەیی لە قەڵەم دراوە.

لە بەشەکانی دیکەی ئەم بەڵگەنامەیەدا وێڕای پێداگری لە سەر رێگاچارەی دیپلۆماتیك باس لە پێویستیی هاوئاهەنگیی روونتری هاوپەیمانە نێونەتەوییەکانی ئەمریکاو هەروەها گەمارۆی دژوارتر کراوە. هەر لە درێژەی ئەم بەشەدا هاتووە "ئەگەر هاوپەیمانە ئورووپاییەکانمان پێوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران نەپچڕێنن، وتووێژ ئەگەر لەگەڵ ئێران کاریگەر نابێ".

سەبارەت بە لە رۆژەف دا مانەوەی بژێرەی نیزامییش لە بەندی پێنجەم دا بە روونی ئاماژە بەوە کراوە ئەگەر تەواوی هەوڵەکان بێ ئاکام بن بژێرەی نیزامی هەروەك پێشوو دوایین بژێرەیە.

هەر چەند ئەم بەڵگەنامە دوو حیزبییە لە لایەنێکەوە وەك کۆمەڵە پێشنیارێك بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیی ئێرانی ناوکی چاو لێ دەکرێ، بەڵام بە گشتی دەتوانین وەك گەلاڵەیەك کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی ئەمریکادا دارێژراوە چاوی لێ بکەین. کەواتە دەتوانین بڵێین هەر چەند رێژیمی تاران تا ئێستا توانیویەتی درێژە بە سەرکێشییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەتایبەت ئەمریکا بدا، بەڵام سەرۆك کۆماری داهاتووی ئەمریکا پێویستە بە لێبڕاوییەکی زیاتر لە بووش رووبەڕووی تاران بێتەوە.



لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ئەمریکادا کە رۆژی سێشەممە (٤ی نوامبر) دەستی پێکردو بە پێی بەراوردەکان نزیکەی ١٣٥ ملیون کەس لەودا بەشدار بوون، باراك ئۆباما کاندیدای حیزبی دیموکرات توانی بەسەر رکەبەرەکەی مەککین لە حیزبی کۆماریخوازدا سەرکەوێ. بەم پێیە ئۆباما، یەکەم رەنگین پێستە کە دەتوانێ بچێتە کۆشکی سپی.

باراك ئۆباما، کە چل و چوارەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە رێورەسمی جێژنی سەرکەوتنی خۆی لە "گراند پارك"، شیکاگۆدا پێداگریی کردەوە کە کاتی گۆڕان هاتوە. باراك ئۆباما، بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی چوارەمی نوامبردا وەك یەکەمین سەرکۆماری ئەمریکایی بە رەچەڵەك ئەفریقایی ناوی خۆی لە مێژووی ئەمریکادا تۆمار کرد. سیناتۆر جان مەککین، کاندیدای کۆماریخواز لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری‌دا لە رێوڕەسمێکدا کە راستەوخۆ لە رایەڵکە تلویزیۆنییەکاندا بڵاودەکرایەوە بە بۆنەی سەرکەوتنی ئۆباماوە پیرۆزبایی لێکرد.

هەواڵدەرییەکان و کاناڵە تلویزیۆنییەکانی ئەمریکا بە پێی ئاکامە راگەیاندراوەکان پێشبینی دەکەن، باراك ئۆباما بە جیاوازیی بەرچاوەوە سەرکەوتن وەدەست دێنێ. بە پێی ئەو راپرسییانە ئۆباما، لە هەرێمە چارەنووسسازەکانی: وێرجینیا، پێنسیلوانیا، ئوهایودا سەردەکەوێ. تا ئێستا هیچ کاندیدایەکی حیزبی کۆماریخواز نەیتوانیوە بە بێ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی ئۆهایۆ بچێتە کۆشکی سپی. جۆرج بووش لە هەڵبژاردنی سەرۆك کوماریی ساڵی ٢٠٠٤دا لەم چوار هەرێمەدا سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو. باراك ئۆباما کە تەمەنی ٤٧ ساڵە، رۆژی ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٩، وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا سوێند دەخوا.

ناوبراو لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن دا رای گەیاندوە لە سیاسەتی دەرەکیو سیاسەتە ئابووری و داراییەکان و ژیانی هاووڵاتیانی ئاسایی دا گۆڕان پێك دێنێ و لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە پێوەندییان لەگەڵ ئەمریکا نیە دەست بە وتووێژ دەکا.

## نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ پێشێل کرانی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکووم بکا

فدراسیۆنی نێونەتەویی کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ (FIDH)و کۆمەڵەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران (LDDHI) وێڕای بەرز نرخاندنی راپۆرتی سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، داوا لە کۆڕی گشتیی ئەو رێکخراوەیە دەکەن کە بریارنامەیەك لە دژی پێشێلکرانی بەردەوامو لە رادەبەدەری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پەسند بکا.

ئەو دوو رێکخراوەیە هەروەها داوا لە بان کی مون دەکەنو هیواداری دەردەبڕن کە ناوبراو بۆ ساڵی داهاتووش (٢٠٠٩) راپۆرتێکی نوێ لەم بارەیەوە ئامادە بکا.

شایانی باسە بان کی مون لە راپۆرتەکەی خۆیدا پێشێل کردنی مافی مرۆڤی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە توندی مەحکووم کردوەو داوای لە ئێران کردوە کە لەو بارەیەوە بە پەلە هەنگاوی پێویست هەڵبگرێ. لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە هەڵاواردنی کەمینە نەتەوەییو ئاینییەکان، ژنان، ئێعدامی منداڵانو سزاکانی وەکوو بەردباران، پەڕاندنی ئەندامەکانی جەستەو...کراوە.

## ئێران و سوریە داوا دەکەن ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە





هەر دوو حکومەتی ئێران و سوریە داوا دەکەن ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە عێراق بکشێنێتەوە.

مەنوچێهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشار ئەسەد سەرکۆماری سوریە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی هاوبەشدا وتی: هێرشی هێلی کوپتێرە ئەمریکاییەکان بۆ سەر گوندێکی سوریە نیشانەی شکستی سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. بۆ ئەوەی ناوچەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز نەبێ پێویستە ئەمریکا بە زووترین کات هێزەکانی خۆی لە عێراق بکشێنێتەوە. لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەدا بەشار ئەسەد سەرکۆماری سوریە وتی: حکومەتی ئەمریکا لە بەر ئەوەی لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئامانجەکانی خۆی بپێکێ بۆیە دەیەوێ ئارامیی ناوچەکە تێکبدا.

## هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد



ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی کەسایەتیی سیاسیی و ئاینیی خەباتگێڕ، مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد. هەیئەتی سازمانی خەبات لە بەڕێزان سەید کامیل چاپاس و محەمەد محەمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و، عەلی بەهرامی و بەختیار عەزیزی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات پێکهاتبوو. ئەم هەیئەتە لە لایەن ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک لە سیما ناسراوەکانی ئەم حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە تا کاتژمێر ٤ی ئێوارەی خایاند، هەر دوولا کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە خەباتی شۆڕشگێڕانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێوەندیی سازمانی خەبات و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان هێنایە بەر باس. هەر دوولا لە سەر ئەزموون وەرگرتن لە کەم و کوورییەکانی ڕابردوو و گرنگیدان بە هاوکاری و هاوخەباتی و یەکتر قبوولکردن، پێیان داگرت.

لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هاوڕێیان حەسەن ڕەستگار، کەماڵ کەریمی، حەسەن قادرزادەو قادر وریا ئەندامانی دەفتەری سیاسی و عومەر باڵەکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو هەروەها بەڕێزان جەلیل گادانی، فەتاح کاویان، مامۆستا مەلا محەمەد عوسمانی و حەسەن ڕەحیمی لەم دانیشتنەدا ئامادە بوون.

## ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی نووسەرانی کورد دەردەبڕێ

ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی نووسەرانی کورد دەردەبڕێ

ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە نامەیەك دا بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی نووسەرانی بەندکراوی کورد دەربڕی.

ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا بۆ هەر یەك لە مەحموودی ئەحمەدی نژاد سەرکۆمار، مەحموودی هاشمی شاهروودی سەرۆکی دەزگای قەزایی، مەنووچێهر موتەکی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی نووسەرانی بەندکراوی کورد عەدنان حەسەنپوور، هیوا بوتیمار، مەسعود کوردپوورو سامان ڕەسووڵپوور ڕاگەیاند.




لەم نامەیەی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم دا هاتوە کە نووسەرانی ئەم ناوەندە کە گەورەترین ناوەندی نووسەرانە لە سەرانسەری جیهان دا، لە بارودۆخی هاوکارە کوردەکانیان لە ئێران دا نیگەرانە.

ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە نامەکەی دا داکۆکی لە نووسەرانی بەندکراوی کورد دەکات و دەنووسێ کە ئەم نووسەرانە هیچ کردەوەیەکی توندوتیژیان بەرانبەر بە خەڵکی ئێران نەنواندووەو نووسینەکانیان بە پێی کۆنوانسیونی نێونەتەوەیی و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ شتێکی ڕەوایە.

ئەنجومەنی نێونەتەوەیی قەڵەم لە نامەکەی دا داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکات کە ئەم چوار هاوکارە کوردەیان ئازاد بکەن.

## سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سویس پێشوازیی لە هەیئەتێکی حدك دەکات




ڕۆژی ٣٠ ی ئۆکتۆبر سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سویس، پێتەر هۆگ پێشوازی لە هەیئەتێکی سێ کەسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

لە سەرەتای ئەم دانیشتنەدا بەڕێز پێتەر هۆگ سەبارەت بە بارودۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان چەند پرسیارێکی لە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لە لایەن کاك عەزیز ئەحمەدی، بەرپرسی هەیئەتی حیزبەوە وڵامیان درایەوە.

پاشان هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە چەند ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سویس خستەڕوو. هەروەها داوا لە حیزبی ناوبراو کرا کە وێڕای هاوکاری کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان ، فشارەکانیان بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە.

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا هەر دوو لا باسیان لە پێوەندی نێوان دوو حیزب کردو لەم پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشنیاری پێکەوە دانیشتنی ڕێبەرایەتیی هەر دوو حیزبی کرد کە لە لایەن پێتەر هۆگ، سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سویسەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا.

هەیئەتی حیزب لەم سەردانە بریتی بوون لە بەڕێزان عەزیز ئەحمەدی، ئاوێزان ڕەحمان زادەو مێهرەبان مەحموودی.

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

بە مەبەستی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی کورد ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکان لە دوو حەوتووی ڕابردووا بە شێوەی جۆراوجۆر چالاکیان بەڕێوە برد.

لە شارەکانی قوڕەو دێوڵان ئەندامانی حیزب بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەنراوێك وێڕای پشتیوانی لە داخوازی زیندانیانی سیاسی کورد داوایان لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کورد کرد کە پشتیوانی خۆیان بۆ ڕۆڵە خەباتگێڕەکانیان لە زیندانەکانی ڕێژیم دەربڕن و لە بەرامبەر گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئەو زیندانیانە بە بێ هەڵویست نەبن. هەروەها ئەندامانی حیزب بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی سەمبولیك لە بەرزاییەکانی گەورەڕێی قوریچیا ئاگریان کردەوە. بەشێك لەو شوێنانە کە چالاکیان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

دێوڵان: گەڕەکانی فەرهەنگیان، جەهادییەو شەقامەکانی ئیستقلال و ئازادی.

قوڕوە: شەقامەکانی تەختیو ڕەئوفی، ترمینالی تاران، فەرمانداریو سەیرانگای سەراو.

هەروەها بە هەمان مەبەست ئەندامانی حیزب لە شاری ڕەبەتیش لە زۆربەی هەرە زۆری شەقام و گەڕەکانی شار بە شێوەیەکی بەربەرین چالاکیان بەرێوە برد.

هەر لەو ماوەیەدا ئەندامانی حیزب لە شارەکانی بۆکان و مهابادو سنە چالاکیان ئەنجام دا، لە شاری بۆکان لە فەلەکەی قودس، شەقامەکانی حەمیدی، ئینقلاب، کۆڵانەکانی شمشاد، زاگرۆس، قەندیل و میراواو کەڕێزەی میراوا تراکت و بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان بڵاوکردەوە.هەروەها لە سنە لە شەقامەکانی فەرەح، خومەینیو حوسەینیو لە مهابادیش لە زانکۆی ئازادی مهابادو گوندەکانی قەرەبڵاغ و کەپەکەندو حاجیتاڵیکەند تراکت و بەڵگەنامە حیزبییەکان بڵاوکراونەتەوە.



## ڕێژیم هەوڵەکانی لە کوردستان بۆ پەرەپێدانی دیاردەی جاشێتی چڕکردۆتەوە



ئیدارەی ئیتلاعات و سوپای پاسداران و بنکەکانی بەسیج لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە شێوەیەکی کەم وێنە هەوڵەکانی خۆی بۆ هاندانی خەڵك و بەتایبەت کەم داهاتەکان بۆ ناونووسی کردن لە بەسیج و سوپای خستۆتەگەڕ.

بەپێی ئەوزانیارییانەی لە شارو جۆراوجۆرەکانەوە دەست "کوردستان" کەوتوون ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرنامە دا ڕێژراوو بە تەرخان کردنی بودجەیەکی زۆر هەوڵ دەدا خەڵکی کەم داهات هان بدا تا وەکوو لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی بەسیج، سوپاو ئیتلاعات ببنە ئەندام.

لە بانەو هەندێك لە ئاواییەکانی دەوروبەر لە ڕێگەی کەسێك بەناوی مەلا عوزەیر شەریفی خەڵك هان دەدەرێ ببنەبەسیج و چەکی جاشێتی هەڵگرن. بەپێی ئەو هەواڵە مەلاعوزەیر لە مزگەوتی گوندەکان قسە بۆ خەڵکی دەکا و ئەندامێتی لە بەسیج وەکوو ئەرکێك بۆ خەڵك پێناسە دەکا. مەلا عوزەیر هەر بە هۆی ئەم کارەیەوە بە تەواوی کەوتۆتە بەر نەفرەتی خەڵکی ناوچەکە. لەلایەکی دیکەوە هەر لە بانە بەرپرسانی سوپاو ئیتلاعات کاسبکارانی سەرسنوور بانگ دەکان و پێیان ڕادەگەیەنن کەبە جێگە کاری تاقەت پڕوکێنی کۆڵبەری هاوکاری ڕێژیم بکەن و مانگانە پارەیەکی زۆر وەربگرن.

لە شاری سەردەشتیش ڕێژیم بۆ هەمان مەبەست کەسێکی بە ناوی مەلا کەریمی شەمسی کە بەرپرسی جاشەکانی میراوایە، ڕاسپاردووە کە لە بەرامبەر پارە مانگانەی ٥٠٠ - ٣٠٠ هەزار تمەن هاوکاری ڕێژیم بکەن. مەلا کەریم خۆی ئامادەکاری بۆ ئاوەدان کردنەوەی مۆڵگەکانی بەسیج و سوپا لە ئاواییەکانی موسالان، ئالوەتان، شێواوکان،نێزێی شێوەمێر، گوتیزیلە، بێمۆکەو سێپەکان دەکا.

هەروەها بەپێی هەواڵێك کە "کوردستان و کورد نیوز" بڵاوی کردۆتەوە کە لە شارۆچکەی مووچش سەر بە سنەش ڕێژیم خەڵکی ئاگادار کردوتەوە کە ئەگەر بێتوو فۆرمی ئەندامێتی لە بەسیج پڕنەکەنەوە، ئەوا بەشە سووتەمەنی زستانەیان پێ نادرێ.

لە شارەکانی پیرانشار و مەریوانیش ڕێژیم جگە لە تەماح وەبەرنان، هەڕەشەیان لە هەندێك لە کاسبکارانی سەر سنوور کردووە کە ئەگەر بێتوو هاوکارییان نەکەن، ئەوا ناهێڵن لەو ڕێگەیەوە بژێوی ژیان دابین بکەن.

## لە ڕۆژی قوتابی دا هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بە "باتۆم" ڕێز لە قوتابیانی شاری سنە دەگرن!!



لە درێژەی ڕێپێوانی ١٣ی خەزەڵوەر لە شاری سنە، هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر کچان و کوڕانی ئەم شارە.

بە بیانووی تێکەڵبوونی کچان و کوڕانی شاری سنە لە کاتی ڕێپێوانی ١٣ی خەزەڵوەر (ڕۆژی قوتابی)دا لە شەقامی ئینقلابی ئەم شارە هێزەکانی ڕێژیم بە باتۆم هێرشیان کردە سەر کچان و کوڕانی قوتابی و بێ حورمەتییان پێ کردن.

لە بەرانبەر دا کوڕان و کچانی بە هەستی شاری سنە بە گژ هێزە گەلییەکانی دا چوونەوە.

بە پێی ئەو هەواڵە تێکهەڵچوونەکان لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ دەستی پێکردو بۆ ماوەی کاتژمێرێك بەردەوام بوو.

### داوای لێبووردن

لە ژمارەی پێشووی "کوردستان"دا لەگەڵ هەواڵی دیداری هەیئەتی پارلمانتارانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزب دا وێنەی دیدارێکی دیکەی دەفتەری سیاسی دانرابوو.

لەگەڵ ڕاست کردنەوەی ئەم هەڵەیە داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین.

" کوردستان"

# فیدرالیسم و كیشه‌ی دیموكراسی له‌ ئیراندا

سامان كۆنه‌پۆشی

ئێران یه‌كێك له‌و وڵاتانه‌یه‌ كه‌ له‌ پێكه‌وه‌لكانی چه‌ند نیشتمانی جیاواز دروست بووه‌، جیاوازییه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی نێو ئه‌م وڵاته‌ به‌ راده‌یه‌ك زه‌ق و به‌رچاون كه‌ ته‌نیا به‌ گه‌ڕانێكی كورتماوه‌ به‌ نیشتمانه‌ لێكجیاكانی پێكهێنه‌ری ئه‌م وڵاته‌دا، به‌ روونی و ئاشكرایی خۆیان ده‌نوێنن. دیاره‌ ئه‌مه‌ سه‌ره‌ڕای هه‌موو جیاوازییه‌ ئیتنیكی و ئایینییه‌كانی نێو ئێران، كه‌ داڕشتی ئه‌م وڵاته‌ هه‌رچی زێده‌تر ئاڵۆز و فره‌چه‌شن ده‌كه‌ن. هه‌نووكه‌ جگه‌ له‌ ده‌مارگرژان و شۆڤێنیستانی فارس، كه‌ ئه‌م فره‌نیشتمانییه‌ و بوونی ئه‌م فره‌چه‌شنییه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌ پشتگوێ ده‌خه‌ن و، هه‌ر جه‌خت له‌وه‌ ده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ ئێران تاكانه‌ نیشتمانێكه‌ كه‌ نه‌ته‌وه‌یه‌ك به‌ ناوی نه‌ته‌وه‌ی ئێرانی لێ ده‌ژی، زۆرینه‌ی رووناكبیران و لایه‌نه‌ سیاسییه‌ دیموكراسیخوازه‌كانی سه‌ر به‌ نه‌ته‌وه‌ جۆراوجۆره‌كانی ئه‌م وڵاته‌، به‌ گشتی له‌ سه‌ر دامه‌زراندنی سیستمێكی فیدراڵیستی له‌ ئێراندا كۆك و ته‌بان و، ئه‌م شێوه‌ به‌ڕێوه‌به‌رییه‌ی وڵات وه‌ك رێكارێكی گونجاوی ئێستایی ده‌بینن بۆ پراكتیزه‌كردنی دیموكراسی و پاراستنی یه‌كیه‌تییه‌كی فره‌چه‌شن و ئاره‌زوومه‌ندانه‌ی نه‌ته‌وه‌كان له‌ قه‌واره‌ی وڵاتی ئێراندا. له‌م نڤیساره‌دا، به‌ مه‌به‌ستی به‌رگری له‌ بیرۆكه‌ی به‌ڕێوه‌بردنی ئێران به‌ شێوازی ده‌سه‌ڵاتداریی دووفاكتۆ، په‌یوه‌ندییه‌كانی ئه‌م شێوه‌ ده‌سه‌ڵاتداریه‌تییه‌ له‌گه‌ڵ چه‌سپان و سه‌قامگیركردنی دیموكراسیدا، باسێك له‌ سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ ده‌كه‌ین.

هه‌ر له‌و رۆژگاره‌وه‌ كه‌ مرۆڤ چاوو ده‌می به‌ جیهان كراوه‌ته‌وه‌ و به‌ شێوه‌ی به‌كۆمه‌ڵ ژیاوه‌، پێویستییه‌كانی بوونی په‌یوه‌ندیی رۆژانه‌ له‌ نێوان ئه‌و كۆمه‌ڵه‌ مرۆڤه‌دا، بۆته‌ هۆی دۆزینه‌وه‌ و داهێنانی ئامرازێك كه‌ رۆڵی پردی په‌یوه‌ندیكاریی په‌یوه‌ندییه‌ جۆراوجۆره‌كانی نێوان مرۆڤه‌كان بگێڕێت و ئه‌م كه‌ره‌سته‌یه‌ش شتێك نیه‌ جگه‌ له‌ زمان. هه‌ر ئه‌م پێكه‌وه‌ژیان و له‌ په‌یوه‌ندیی به‌رده‌وامدا بوونه‌ هاوكات ئه‌فرێنه‌ری كۆمه‌ڵێك هاوبه‌شی و لێكچوون له‌ جۆری هه‌ڵسوكه‌وت و خووخده‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی و جۆری پۆشینی جلوبه‌رگ و ...دا بووه‌ له‌ نێویاندا. هه‌ر له‌و كاته‌شه‌وه‌ كه‌ ره‌وتی ره‌خسكان (تكامل)ی پرۆسیسی بیركردنه‌وه‌ی مرۆڤ به‌ شوێنێك گه‌یشتوه‌ كه‌ سه‌باره‌ت به‌ خۆی بهزرێت و هه‌وڵی خۆناسین بدات، هه‌وڵه‌كانی مرۆڤ به‌ مه‌به‌ستی داتاشینی ناسنامه‌یه‌ك بۆ كۆمه‌ڵه‌كه‌ی خۆی وه‌گه‌ڕ خراون، ناسنامه‌یه‌ك كه‌ ده‌ربڕی خه‌سڵه‌ت و تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی كۆمه‌ڵه‌كه‌ی بێت و گوزارشت له‌ جیاوازییه‌كانی له‌گه‌ڵ ئه‌وانیتردا بكات. ئه‌مه‌ بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ ئه‌مڕۆكه‌ له‌ جیهاندا بینه‌ری جیاوازییه‌ ئیتنیكییه‌كان بین. ئه‌و ئیتنیكانه‌ش كه‌ هه‌ستیان به‌ جیاوازبوونی خۆیان له‌گه‌ڵ ئه‌وانیتردا كردوه‌ و خاوه‌ن ره‌وتێكی ناسیۆنالیستین، رێگای بوون به‌ نه‌ته‌وه‌یان پێواوه‌.

ره‌وتی دامه‌زرانی ده‌وڵه‌ت - نه‌ته‌وه‌كان هه‌ڵگری گه‌لێك كێشه‌ و كه‌موكورتی بووو نه‌یتوانی ببێته‌ ره‌وتێك كه‌ ویست و داخوازه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی هه‌موو نه‌ته‌وه‌كان، له‌ فۆرمی پێكهێنانی ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌ییدا، دابین بكات. له‌م ره‌وته‌دا مافه‌ ره‌واو دیموكراتیكه‌كانی زۆر نه‌ته‌وه‌ بوونه‌ قوربانی به‌رژه‌وه‌ندیی زلهێزه‌كان و زۆرێك له‌و وڵاتانه‌ی كه‌ له‌و پێڤاژۆیه‌دا دامه‌زران و به‌ ناوی ده‌وڵه‌ت - نه‌ته‌وه‌كان ده‌ناسران، له‌ راستیدا له‌ پێكه‌وه‌لكانی چه‌ند نه‌ته‌وه‌ و نیشتمانی جیاواز دروست ببوون.

ئه‌مه‌ش بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ ئه‌مڕۆكه‌ بینه‌ری بوونی چه‌ندین وڵاتی فره‌نیشتمان بین و كێشه‌ی نێوان نه‌ته‌وه‌كان و داخوازه‌كانیان تاكوو ئێستاش به‌رده‌وام بێت. كورد یه‌كێك له‌و نه‌ته‌وانه‌ بوو كه‌ كه‌وته‌ به‌ر غه‌دری قه‌به‌ده‌وڵه‌تانی ئه‌وده‌م، غه‌درێكی نامرۆیانه‌ كه‌ له‌ ئاكامدا دابه‌شبوونی نیشتمانی كوردانی به‌ سه‌ر وڵاتانی دراوسێدا لێ كه‌وته‌وه‌ و كورد نه‌یتوانی ببێته‌ خاوه‌ن ده‌وڵه‌تی نیشتمانی خۆی.

چه‌مكی دیموكراسی پێناسه‌گه‌لێكی فره‌جۆرو جیاوازی بۆ ده‌كرێت و ئه‌سته‌مه‌ بكرێت له‌ پێناسه‌یه‌كی یه‌كه‌ و تاكانه‌دا جێی بێته‌وه‌. به‌ڵام ره‌نگه‌ باشترین پێناسه‌یه‌ك كه‌ تاكوو ئێستا بۆ ئه‌م شێوه‌ ده‌سه‌ڵاتدارییه‌ روو كراوه‌ وێناكه‌ی كارل پۆپه‌ر بێت. ئه‌و پێی وایه‌ دیموكراسی پڕچه‌ككردنی دامه‌زراوه‌كانه‌ بۆ پێشگرتن و به‌ربه‌ره‌كانێ له‌گه‌ڵ دیكتاتۆریدا. له‌م سۆنگه‌یه‌وه‌ ده‌توانین بڵێین، جۆری ده‌سه‌ڵاتداریی دیموكراتیك له‌ چه‌شنی سیستمێكی به‌ڕێوه‌به‌ریی داخراو نیه‌ كه‌ له‌ هه‌موو كات و شوێنێكدا به‌ تاكانه‌ فۆرمێك پیاده‌ بكرێت. به‌ پێچه‌وانه‌، ئه‌م سیستمه‌ له‌ هه‌ناوی خۆیدا هه‌ڵگری زۆر جیاوازی و ته‌نانه‌ت دژوازییشه‌ و به‌ پێی گۆڕانی كات و شوێن ده‌توانرێت له‌ فۆرم و شێوه‌ی جۆراوجۆردا پراكتیزه‌ بكرێت. له‌ كرده‌وه‌شدا ده‌بینین كه‌ سیستمی به‌ڕێوه‌به‌ریی وڵاته‌ دیموكراتیكه‌ جۆراوجۆره‌كان جیاوازی و ناهاوبه‌شیگه‌لێكی زۆرو به‌رچاویان تێدا ده‌بینرێت و هه‌ر وڵاتێك به‌ شێوازێك كه‌ له‌گه‌ڵ داڕشتی وڵاته‌كه‌یدا بگونجێت، دامه‌زراوه‌ ئه‌نتیدیكتاتۆرییه‌كان (دیموكراتیك) رێك ده‌خات و پڕچه‌كیان ده‌كات. ئه‌مه‌ داڕشت و پێكهاته‌ی وڵاته‌كانن كه‌ ده‌بێ به‌ پێودانگی دیاریكه‌ری شێوازیی ده‌سه‌ڵاتداریی وڵات بقه‌بڵێنرێن. چونكه‌ ئه‌گه‌ر دیكتاتۆری سڕینه‌وه‌ یاخود هه‌وڵ بۆ سڕینه‌وه‌ و سه‌ركوتی جیاوازییه‌كان بێت، ده‌زانین هه‌ر وڵاتێك له‌ باری ئیتنیكی و نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ تایبه‌تمه‌ندیی دانسته‌ی خۆی هه‌یه‌ و ده‌بێ شێوازێكی تایبه‌تییش بۆ پاراستنیان بگرینه‌ به‌ر.

هه‌رچه‌ند دیموكراسی پڕكێشه‌ترین سیستمی به‌ڕێوه‌به‌ریی وڵاته‌، به‌ڵام له‌وانه‌یه‌ داڕشتی ساده‌ی وڵاتانی تاك- نه‌ته‌وه‌ پرسی دیموكراسی نه‌كاته‌ پرسێكی پڕگرێكوێره‌، به‌ڵام گرێچنی ئاڵۆز و فره‌چه‌شنی وڵاتانی فره‌نیشتمان ئاڵۆزییه‌كی زێده‌تر به‌ كێشه‌ی دیموكراسی ده‌به‌خشێت، بۆیه‌شه‌ وردبوونه‌وه‌ و راوه‌ستانی پتر ده‌خوازێت هه‌تا چه‌مكی دیموكراسی بۆ مافه‌ شاریڤانی و سیاسییه‌ گشتییه‌كان كورت نه‌كرێته‌وه‌ و راڤه‌ و شرۆڤه‌ی هه‌ڵخڵه‌تێنه‌رانه‌ و به‌لاڕێدابه‌رانه‌ی بۆ نه‌كرێت. كێشه‌كان له‌م چه‌شنه‌ وڵاتانه‌دا به‌ جۆرێك تێكچڕژاون كه‌ ده‌بێ له‌ گۆشه‌نیگای جۆربه‌جۆره‌وه‌ لێیان بڕوانینه‌وه‌ و چاره‌سه‌رییان بۆ بدۆزینه‌وه‌. له‌ وڵاتانی فره‌نیشتماندا، ته‌نیا پاراستنی مافی تاكه‌كه‌سی و پێكهێنانی ده‌رفه‌تی وه‌كیه‌ك بۆ ژیان و گه‌یشتن به‌ پله‌ ده‌وڵه‌تی و ناده‌وڵه‌تییه‌كان و ...، ناتوانێت وه‌دیهێنه‌ری دیموكراسی به‌ مانای راسته‌قینه‌ی وشه‌ بێت. ئه‌و غه‌دره‌ مێژووییه‌ی له‌و نه‌ته‌وانه‌ كراوه‌ كه‌ هه‌تا ئێستاش خاوه‌ن ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی خۆیان نین، ناتوانێت ته‌نیا به‌ پاراستنی مافی شاریڤانی قه‌ره‌بوو بكرێته‌وه‌. ئه‌ویش به‌ سه‌رنجدان له‌و مێژووه‌ پڕشانازییه‌ی پێكه‌وه‌ژیانی نه‌ته‌وه‌كان له‌ ئێراندا، كه‌ له‌ به‌ر پێكهێنانی بۆشگایه‌كی ته‌ژی له‌ متمانه‌ی دوو لایه‌نه‌ و به‌ لوتكه‌ گه‌یاندنی ئینتیمای یه‌كتریخوازی (همگرایی) له‌ نێو نه‌ته‌وه‌كاندا، هه‌موو لایه‌كمان فه‌خری پێ ده‌كه‌ین!

گرنگی نه‌دان به‌ مافه‌ كولتووری و سیاسییه‌كانی نه‌ته‌وه‌كان له‌ وڵاتانی فره‌نیشتمانداو نه‌سپاردنی ده‌سه‌ڵاتی به‌ڕێوه‌به‌ریی نیشتمانه‌ پێكهێنه‌ره‌كانی وڵات به‌ نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌كان، هێمایه‌ له‌ ویستی دووباره‌ وه‌رسووڕانه‌وه‌ به‌ لای دیكتاتۆریدا، یان هه‌ر نه‌بێ خواستێك له‌ بۆ بنیاتنانی دیموكراسییه‌كی زه‌لیل و نێوئاخن بۆش، كه‌ ستراتژییه‌كه‌ی بریتییه‌ له‌ توانه‌وه‌ی جیاوازییه‌كانی نێو وڵات. لافی دیموكراسی، به‌بێ ره‌چاو كردنی گرێچنی وڵات، لافێكی درۆیین و بێنێوه‌رۆكه‌ و خه‌یانه‌ته‌ به‌ دیموكراسی. بۆ كێشه‌ی دیموكراسی له‌م وڵاتانه‌دا ته‌نیا نه‌بوونی ئازادیی راده‌ربڕین و دامه‌زرانی كۆڕو كۆمه‌ڵه‌ی سڤیل و سیاسیی جۆراوجۆرو .. هتد‌ه؟، ئه‌وانه‌ی كه‌ دیموكراسی به‌م مانایه‌ پێناسه‌ ده‌كه‌ن و بێ- شه‌رمانه‌ ژێستی رووناكبیری و دیموكراسیخوازییش به‌ خۆیانه‌وه‌ ده‌گرن، ته‌نیا دژایه‌تییان له‌گه‌ڵ دیكتاتۆریی ئیسلامیی ده‌سه‌ڵاتداردا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ ده‌سه‌ڵاتدا به‌شداریان نه‌كردوون.

ئه‌و كێشانه‌ی باسیان كرا كێشه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ن كه‌ پێكهاته‌یه‌كی ساده‌یان هه‌یه‌، وڵاتێكی له‌ چه‌شنی ئێران سه‌ره‌ڕای ئه‌مانه‌، زۆر كێشه‌ی دیكه‌شی هه‌ن كه‌ چاره‌سه‌ر ده‌خوازن و هه‌تا چاره‌ش نه‌كرێن، دیموكراسی له‌م وڵاته‌دا ده‌سته‌به‌ر نابێت. هه‌نووكه‌ كه‌ ئێران له‌ ژێر ده‌سه‌ڵاتداریه‌تیی نگریس و ره‌شی كۆماری ئیسلامی دایه‌، سیاسه‌تی توانه‌وه‌ی تێكڕای جیاوازییه‌ نه‌ته‌وه‌یی و ئیتنیكییه‌كانی وڵات، هه‌روه‌كی رابردوو، بووه‌ به‌ سیاسه‌تی فه‌رمی حكومه‌ت و به‌ ته‌واو مانا په‌یڕه‌وی لێ ده‌كرێت. به‌ڵام له‌ ئێرانی له‌وانه‌یی داهاتوودا ده‌بێ ده‌مارگرژانی پان‌ئێرانیست واقعییه‌تی فره‌نیشتمان بوونی ئێران پشتگوێ نه‌خه‌ن و، دان به‌ په‌یڕه‌وكردنی ده‌سه‌ڵاتداریه‌تیی دووفاكتۆدا بنێن هه‌تا وڵاتی ئێمه‌ش، له‌ چه‌شنی زۆر وڵاتی هاوشێوه‌ی دیكه‌، رووه‌و نشێوی لێكترازان و پارچه‌پارچه‌ بوون هه‌نگاو نه‌نێت. چونكه‌ ته‌نیا سه‌قامگیربوونی دیموكراسییه‌ كه‌ ده‌توانێت پێش له‌ لێكترازانێكی مێژوویی دیكه‌ی خاكی ئێران بگرێت. ئه‌گه‌ر دیموكراسی پڕچه‌ككردنێكی دامه‌زراوه‌یی به‌ دژی دیكتاتۆری بێت، به‌ڕێوه‌بردنی ئێرانی فره‌نیشتمانی پاش كۆماری ئیسلامی به‌ شێوازی ده‌سه‌ڵاتداریه‌تیی دووفاكتۆ (دوولایه‌نه‌)، پێویستییه‌كی دامه‌زراوه‌یی حاشاهه‌ڵنه‌گری پێشگرتنه‌ له‌ سه‌رهه‌ڵدانه‌وه‌ی دووباره‌ی دیكتاتۆری، ئه‌مه‌ش به‌ چه‌سپاندنی بنه‌ماكانی فیدراڵیسم، به‌ مانای سیستمێكی به‌ڕێوه‌به‌ری كه‌ به‌ هاوبه‌شی نێوان ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی و ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێمی وڵات به‌ڕێوه‌ ده‌بات، له‌ یاسای بنچینه‌یی وڵاتداو به‌ یاسامه‌ندكردنی فیدراڵیسم نه‌بێت، وه‌دی نایه‌ت.




## به‌ڕێوه‌بردنی ئێرانی فره‌نیشتمانی پاش كۆماری ئیسلامی به‌ شێوازی ده‌سه‌ڵاتداریه‌تیی دووفاكتۆ ( دوولایه‌نه‌ )، پێویستییه‌كی دامه‌زراوه‌یی حاشاهه‌ڵنه‌گری پێشگرتنه‌ له‌ سه‌رهه‌ڵدانه‌وه‌ی دووباره‌ی دیكتاتۆری

# پەیڤێك لە سەر ساڵڕۆژی داگیرکرانی سەفارەتی ئامریکا لە تاران

بێژان

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، سەرەڕای دروشم وناوو ناتۆرەی ئایەتوڵڵا خومەینیو لایەنگرانی لە دژی ئامریکا، سەفارەتی ئامریکا لە تاران مایەوە. بە پێی عورفی نێونەتەوەیی و وەك پرەنسیپێکی دیپلۆماسی، دژایەتی و دروشمی توندوتیژی تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران لە دژی ئامریکا، سەفارەتی ئامریکا درێژەی بە کارەکانی خۆی لە تاران دا بە تایبەتی ئەزموونی ئامریکا لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڤێتنامدا، کە لە ماوەی شەڕیشدا سەفارەتی ئامریکا لە ڤێتنام مایەوە، بە بیری ئامریکاییەکاندا نەدەهات لە تاران تووشی چارەنووسێك بێ کە لە١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا ڕووی دا.

نزیك بە١٠ مانگ دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران، لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا ژمارەیەك لە خوێندکارانی ئێران کە بە خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام، واتە خومەینی ناسرابوون، دەوری سەفارەتی ئامریکایان لە تاران گرت و ڕژانە نێو سەفارەت و داگیریان کرد، ٥٢ کەس لە سەفیرو کاربەدەستەکانی سەفارەتەکەیان گرت. دیپلۆماتەکانی ئەمریکایی ئەم سەفارەتخانەیان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە بارمتە گرت.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەو کردەوە ناسیاسیو ناشارستانییەیان بە شۆڕشی دووەم لە قەڵەم داو داگیرکردنی سەفارەتیان بە گرتنی مەکۆی جاسوسی ناوبرد. لەو کاتەوە، تا دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە عێراق پێوەندیی ئەمریکاو ئێران بە شێوەی ئاشکرا نەبوو. هەرچەند پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن نوێنەرانی ئەمریکاو ئێران بەڕواڵەت لە سەر مەسەلەی عێراق چەند جار بە ئاشکرا لە دەوری مێزێك کۆ بوونەوە، بەڵام ئەو هەنگاوانە تا ئێستا نەبوونەتە هۆی کرانەوەی سەفارەتی هەردوو لا لە وڵاتی یەکتردا.

داگیرکرانی سەفارەتی ئامریکا لە تاران لە١٣ خەزەڵوەری ١٣٥٨دا هەرچەندە نەبوو بە هۆی پچڕانی یەکجاریی پێوەندییەکانی ئەمریکاو ئێران، بەڵام هێندێك هۆو ئامانجی نێوخۆیی و دەرەوەیی بۆ ڕێبەرانی ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی تێدا بوو:

کەشو هەوای شۆڕش و هەستی شۆڕشگێڕانە هێشتا بە سەر خەڵکدا زاڵ بوو، ئەو شۆڕشەی بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی کرابوو، کە دۆست و هاوپەیمانی نزیکی ئامریکا بوو، تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی لە شۆڕشی ١٣٥٧دا بەشدار بوون بە پەیڕەوی لەو ئەسڵە هەڵەیە کە دەڵێ :دۆستی دوژمنم دوژمنمە، وەك دوژمن سەیری ئامریکاییەکانیان دەکرد لە نێو چەپ و ڕاست و ئیسلامی سیکۆلاردا ئەو دروشمانە برەویان هەبوو کە زۆرترین هەستی کینەو نەفرەتیان بە دژی ئامریکا تێدا بووایە، کەشو هەوای دژایەتی لە گەڵ ئامریکا تێدا بوایە. کەشو هەوای دژایەتی لەگەڵ ئامریکا بەتەواوی باڵی بە سەر ئێرانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا کێشابوو.

داگیرکرانی سەفارەتی ئامریکا لە هەلومەرجێکی ئاوادا لە ڕاستیدا بۆ خومەینیو لایەنگرانی وەك شۆڕشێکی دیکە وابوو. هەم توانییان لەپێشبڕکێی دوژمنایەتی لەگەڵ ئامریکادا سەر کەونو سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. هەم توانییان هێزو دەسەڵاتی خۆیان لە نێو هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەوکاتی ئێراندا کە هێشتا لە مەیدان دەر نەکرابوون، بنوێنن. جگە لەمەش توانییان سەرنجی هێزە چەپییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن کە دەیان توانی ببنە کۆسپ و لەمپەر لە بەرامبەر پاوانخوازی و نیازو مەڕامەکانی خومەینی و لایەنگرەکانیدا.

سەفارەتی ئەمریکا لە هەلومەرجێکدا داگیر کرا کە ئایەتوڵڵا خومەینی هێشتا نەی توانیبوو بناخەی ڕێژیمەکەی بە تەواوی داکوتێ، دەسکەوتەکانی شۆڕش بە تاڵان بەرێ‌و هێزو لایەنەکان لە مەیدان دەربکا.

لە کوردستاندا لە گەرمەی شەڕی سێ مانگەدا شکستێکی گەورەی خواردبوو، کوردستان بە کردەوە لە بەر دەستی هێزە کوردییەکانو بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزی دیکەی وەك کۆمەڵەدا بوو. حیزبی توودە هێشتا خاوەنی نفووزو لایەنگرێکی زۆر بوو، موجاهیدینی خەلق هەم شەریکی دەسەڵات بوون و هەم خاوەن هێز، لە بەلووچستان، خوزستان و تورکەمەن سەحرا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە گۆڕێدا بوو.

داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا لەو هەلومەرجەدا توانی تەواوی ئەو مەسەلەو کێشانە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوەو ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕێژیمەکەی توانییان بە پێکهێنانی ئەم قەیرانە کەڵکی سیاسی زۆر وەربگرن.

لە بەر چاوی بیروڕای نێوخۆو دەرەوە وەك هێزی پلەی یەکەم و چارەنووسساز دەرکەوتن. زۆربەی هێزە چەپەکان یەك لەوان حیزبی توودەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و دەسەڵاتی خۆیان بە هێزو لایەنەکانی دیکە نیشان دا.

ئەزموونی وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو ئەوەمان پێ دەڵێ کە دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیر کردنی خۆیان و پاوانکردنی دەسەڵات لە بەر دەستی خۆیاندا و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و سیاسیەکان هەوڵ دەدەن "دوژمن" بۆ خۆیان داتاشن. هەوڵ دەدەن کۆمەڵانی خەڵك لەو "دوژمن"ە خەیاڵییە بترسێنن و نیشان بدەن ئەگەر لە شکستدانی ئەو دوژمنەدا یارمەتی بە ڕێژیمەکەیان نەکەن، وڵاتو بیروباوەڕو گیانو ماڵیان لە دەست دەدەن. بەڵام لە ڕاستیدا بۆ پتەو کردنی پێگە و هێزی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی توانی کەڵك لەو ئەزموونە وەربگرێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە تا ئێستا مەسەلەی کێشە لەگەڵ ئەمریکایان وا لێك داوەتەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژی ئێران، خەڵکی ئێران، ئایین و فەرهەنگی ئێرانن. وایان نواندوە کە "ئیسلام لە مەترسی دایە"، ڕۆژئاوا فەرهەنگی خۆی دەسەپێنێ‌و سەروەتو سامانی وڵات بە تاڵان دەبا. لە ڕاستیدا بەستراوەیی ڕێژیمی پێشووی ئێران بە ئەمریکا یارمەتیی زۆری بەو دروشم و ئیدیعایەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دا.

جگە لە هۆیە نێوخۆییەکانی داگیرکرانی سەفارەتی ئەمریکا، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هێندێك مەبەستی ناوچەییشیان هەبوو. لەو سەردەمەدا تاقە یەك ڕێژیمی دێموکرات لە ناوچەو لە وڵاتانی مسوڵماننشیندا لە سەر کار نەبوو، هەژاری، دیکتاتۆریو دواکەوتوویی باڵی بە سەر ناوچەدا کێشابوو. ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی خەریك بوو وەك دژکردەوەیەك لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەدا سەری هەڵ دەدا. دەور و ڕۆڵی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بەو مانایە بوو کە ئەمریکا هۆکاری سەرەکیی هەلومەرجەکەیە. کەوابوو هەستی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتانەشدا بەدی دەکرا. کۆماری ئیسلامی بە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا تا ڕادەیەك توانی سەرنجی خەڵکی ناوچە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ‌و ئەو تەوەهومەیان بۆ پێك بێنێ کە ڕێژیمی ئێران ئاسۆیەکی ڕوونە بۆ ئەوان.

بەر لە هاتنە سەر کاری خومەینیو هاوبیرەکانی بە تایبەتی لە دوایین تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی، بیری سەربەخۆیی خوازی و نەبەستراوەیی، بیری زاڵ بە سەر خەڵکی ئێران و هێز و لایەنە سیاسییەکاندا بوو. ئەوان توانییان لە مەشدا کەڵکی سیاسی بە قازانجی خۆیان وەربگرن و دروشمی "نە شرقی نە غربی جمهوری اسلامی"یان بەرز کردەوە. وابزانە تەنیا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ سەربەخۆیی سیاسی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری بێنێ. بەڵام بە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا ئەو دروشمە ڕەنگی خۆی گۆڕیو لە ڕاستیدا "نە شرقی"، کە مەبەست یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بە کردەوە لە بیر کرا و کۆماری ئیسلامی لە کێشەی شەڕی ساردا بەرەو بەرەی شەرق پاڵ پێوەنا. هاوپەیمانەتییەکانی ئێران لە گەڵ سۆڤیەت و چین و کوریای باکوور کە ئێستاش بە گەرمو گوڕی ماوەتەوە لەو کاتەوە دەستی پێ کرد. پێویستە بگوترێ حیزبی توودە لەو سەردەمەدا وەك حیزبێکی خاوەن نفووزو شوێن دانەر بە هۆی بەستراوەیی بە یەکیەتیی سۆڤیەت بوو بە قوربانیی ئەم سیاسەتەو کشانی کۆماری ئیسلامی بەرەو بەرەی ڕۆژهەڵات.



نزیك بە سێ دەیە بە سەر داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکادا تێ دەپەڕێ. لە ڕووداوو ئالوگۆڕەکانی ناوچەو ئێران، هەڵسوکەوتی خەڵکی ئێرانەوە دیارە هەلومەرجەکە بە پێچەوانەی سەردەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ دەچێتە پێش. ئەگەر ئەوکات بە داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا کۆماری ئیسلامی وەك پێشڕەوی خەبات لە دژی "استکبار" یان "امپریالیزم"ی ئەمریکا لە لای کەسانێکەوە دەناسرا، ئێستا دوای نزیك بە ٣٠ ساڵ کۆماری ئیسلامی بەڵایەکی بە سەر خەڵکی ئێران هێناوە کە ئەمریکا وەك هێزی ڕزگاریدەر سەیری دەکرێ.

داگیرکەرانی سەفارەتی ئەمریکا هەرچەند زیاتر مەبەستی نێوخۆیی تێدا بوو بەڵام بێگومان سەرەڕای پێوەندیی نهێنی ئێران و ئەمریکاو موعامەلە نهێنییەکانی نێوانیان بوو بە هۆی نەمانی حوزووری ئەمریکا لە ئێران و قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی نێوانیان لە پێوەندییە ناوچەییو نێونەتەوەییەکاندا. بە چەشنێك کە دژایەتی لە گەڵ ئەمریکا بۆتە بەشێك لە ئیدئۆلۆژی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕێژیمەی پێ دەناسرێتەوە.

شانبەشانی پەرەگرتنی دژایەتیی خەڵك لە گەڵ کۆماری ئیسلامیو لە دەستدانی پێگەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا عەتف بە نیسبەت ئەمریکا لە نێو خەڵکی ئێراندا زیاد دەبێ. خوازیارانی پێوەندیی ڕەسمی لە گەڵ ئەمریکا لە ئێراندا زۆرن، لاوەکان هەوڵ دەدەن جلوبەرگی شێوەی ئەمریکا لە بەر بکەن، مووزیکی ئەمریکایی گوێ بدەنێ، فیلمە ئەمریکاییەکان بینەریان زۆر بووەو تەنانەت خواردنەکانیشی عەلاقەمەندی زۆر بوون.

هاودەردیی خەڵکی ئێران و تەنانەت بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك لە تاران بە بۆنەی ڕووداوی ١١ی سێپتامبر بە ڕواڵەت ڕووداوێکی ئاساییو لە واقیعدا شکستێکی گەورە بۆ سیاسەت ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی بوو.

سەرنج ڕاکێشە کە دوای ساڵانێکی زۆر کەسانی وەك "سەعید حەجاریان" و "ابراهیم اصغرزادە" و "عباس عبدی" و "محسن میردامادی" کە لە ڕێبەرانی ئەو حەرەکەتە بوون، لە مەیدان وەدەر نران و لە لایەن دەسەڵاتەوە خراونەتە پەراوێزو تەنانەت دەمکوت و دادگایی کران، تەنانەت سەعید حەجاریان لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا بریندار بوو.

٢٩ساڵ لەمەوبەر ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی دژە ئەمریکایی خەڵك کە ئەوکات زاڵ بوو، بە لە سینگ دانی بەردی دیفاع لە ئایین و مەزهەبی خەڵك ئوسوول و پرەنسیبە نێونەتەوەییەکانیان پێشێل کردو سەفارەتی ئەمریکایان داگیر کرد. داخوا ئێستا کۆماری ئیسلامی بە گۆڕانی هەلومەرجەکە دەتوانێ دیسان کەڵك لە هەستی خەڵك وەرگرێ‌و بە ئاشت بوونەوەی لە گەڵ ئەمریکا بەشێك لە قەیرانە نێونەتەوەییو نێوخۆییەکانی چارەسەر بکا؟ داخوا ئەمریکا لە حاڵێکدا کۆماری ئیسلامی پێگەی خەڵکی لە دەست داوە ئامادەیە پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بکاتەوە لە حاڵێکدا ئەو ڕێژیمە لە عێراقدا بە کردەوە لە شەڕ لە گەڵ ئەمریکا دایە؟ هەرچەند لە نێوخۆی ئێران کەسانێك و تەنانەت دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی کۆماری ئیسلامی بەرژەوەندییەکانیان و دەسەڵاتیان گرێ دراوە بە دژایەتی لە گەڵ ئەمریکا، بەڵام تەنیا داهاتوو دەتوانێ وەڵامی دڵنیا بە کێشەی نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی بداتەوە.

# بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان و پێویستی ئاوڕ لێدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئارام

بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان وەکوو راستییەکی ئۆبژەکتیڤ کە بەشێکە لە خەباتی مەدەنی خەڵکی کوردستان دەتوانێ لە بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی زۆر کەڵکی باشی هەبێ بەو مەرجە کە بتوانێ لە رێگایەکی پۆزێتیڤەوە کانالیزە بکرێ.

ئەو بزووتنەوە سیاسی - کۆمەڵایەتییە دەیەی ٧٠ی هەتاوی لە کوردستان سەری هەڵداوە وەکوو باڵێکی بزووتنەوەی کرێکاری ئێرانی، بە بیرێکی ئێرانچییەتی و لەسەر بناغەیەکی وەهمی و ئایدیالیستی "کرێکاری بێ سنوور" دامەزرا و لەو رێگایەدا نرخی یەکجار زۆری بۆ ئەو بەهایانەی کە داخوازی بوو بەخشیی، ئێعدامی چالاکانی کرێکاری وەکوو جەماڵ چراغ وەیسی و بەندکرانی چەند جارەی (مەحموود ساڵحی) کە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی شکەنجەگەرانی رێژیم دا هەر دوو گورچیلەی لە دەست دا و ئێستا لە ژێر دەزگای دیالیز دا دەژی، نموونەی گەورەی فیداکارییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو بزووتنەوەیە بووە.

رێکخراوە چەپ و کرێکارییە ئێرانییەکان، هەموو کات لە هەست و شعوری شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان کەڵکی ئامرازییان وەرگرتووە و مەیدانی خەباتی خۆیان گواستۆتەوە بۆ ئەو بەشە دواکەوتووەی (لە باری ئابوورییەوە) ئێران، دامەزراندنی رێکخراوەکانی رۆژئاوای وڵات (غرب کشور) لە نێو کۆمیتە و رێکخراوە کرێکارییەکانی نێوخۆی وڵات و دامەزراندنی کۆمیتەکانی کوردستان لە نێو حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئێرانی و جۆرێکە لەم شێوازەی کەڵك وەرگرتنی ئامرازی.



لە حاڵێکدا بە راستی بیرێکی شۆڤینیستی بە سەر ئەم حیزب و سازمان و ڕێکخراوانەدا زاڵە کە لافی جیهانی نیشتمانی لێ دەدەن، واتە ئەوان وەکوو ئامرازێك لە پوتانسیەلی شۆڕشگێریی خەڵکی کوردستان کەڵکیان وەرگرتووە و هیچ کات بە پێچەوانەی ئەو شتانە کە لە مانیفێستە حیزبی و ڕێکخراوەکانیان داهاتووە باوەڕیان بە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی (کە بەشێك لە بەرنامەی سۆسیالیزمە) لە چوار چێوەی حکوومەتی شوڕایی دا نەبووە، ئێستا بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و کرێکاران و چالاکانی مەدەنی لە کوردستان گرێدراون بە بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستانەوە.

بە داخەوە حیزبە کوردستانییەکان بە تایبەت ح.د.ك لەم بارەوە کەم کارییان کردوە کە نەیانتوانیوە بزووتنەوەیەکی کرێکاری خۆماڵی کوردستانی دابمەزرێنن کە هێز و توانای ئەم بزووتنەوەیە لە عەینی کاتدا کە تەرخانی خەباتێکی چینایەتی دەکرێ، لە هەمان کاتدا رەنگ و بۆنێکی نەتەوەیی و کوردیشی پێوە دیار بێ، لێرەدا ئێمە وەکوو (حدك) کە خاوەن رێبەرایەتییەکی نوێگەرا و خاوەن ئەندێشەیەکی چەپین (چەپ نە بەواتا مارکسیستییەکەی، بەڵکوو بە مانا شۆڕشگێرییەکەی) پێویستە وەك حیزبێکی سەرەکیی کوردستانی و لە پێناو پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستان و بە پێی ئامانجی درێژخایەنی حیزب واتە سۆسیالیزمی دێموکراتیك کە هێڵێکی دادپەروەریخوازانەی هەیە، بە بەرنامە و پرۆگرامێکی دارێژراو ئەو وتە بە نرخەی شەهید د.قاسملوو وەدی بێنن:"کە هەر تاکێکی کۆمۆنیست دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبێکی دێموکرات".

# لاوی کورد لە پێناوی چ دا بەسیج بێ؟

مستەفا مەعروفی

ماوەیەکە رێژیمی کوماری ئیسلامی هەوڵێکی زۆرترو بەربلاوتری لە چەکدارکردنی خەڵك، بە کرێگرتنیان لە بواری نیزامی یان ئەوەی بۆ خۆی پێی دەڵێ بە بەسیج کردنی خەڵك دا، بەکارهێناوە. ئەم هەوڵە زیاتر رووی لە توێژی لاو دایە و لە رێگەی جۆراوجۆر یەك لەوان بە تەماع وەبەرنان و بەکارهێنانی پووڵ و پارە هەوڵ دەدا بیانکاتە ئامرازی دەستی خۆی.

**کەسانێك فریوی ئەم تاکتیکەی کۆماری ئیسلامی دەخۆن و بێ خەبەرن لەوەی کە لە بەرانبەر پووڵ و پارەیەکی کەم بایەخ دا غروورو کەسایەتیی ئینسانی، نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازییان لێ دەستێنێ**

کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی زەمینەی بێکاری و هەژاریی لە نێو خەڵك دا پێك هێناوە. هەوڵ دەدا لە نێو لاوانی بێکارو بێ دەرەتان دا بەسیج گیری بکا. هەوڵ دەدا لایەنی ئابووری و مادی بەو دیاردەیە بدا و بەسیجی وەك شوغڵ و سەرچاوەیەك لە داهات دێنێتە پێش چاوی لاوانی بێکارو بێ داهات و بێ داهاتووی وڵات. بەڵام بەداخەوە کەسانێك فریوی ئەم تاکتیکەی کۆماری ئیسلامی دەخۆن و بێ خەبەرن لەوەی کە لە بەرانبەر پووڵ و پارەیەکی کەم بایەخ دا غروورو کەسایەتیی ئینسانی، نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازییان لێ دەستێنێ و لە دژی خەڵك و نەتەوەکەیان دا بەکاریان دێنێ.

چەکدارکردنی خەڵك بە تایبەتی لاوان لە رێگەی بەسیجەوە لە کۆماری ئیسلامی دا دیاردەیەکی تازە نیە. ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەنی هێزی ئەرتەشە، هەرکات کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەترسیی دەرەکی یان نێوخۆیی کردوە دەست دەکا بە بەسیج کردنی خەڵك. رووداوەکانی ئەم دواییانە و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و ناوچەکەدا نیشان دەدا کە ئەم رێژیمە ترسی لە هەلومەرجێك هەیە کە ئێستا بە سەر ئێران و ناوچەدا زاڵە. چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە نهێنی، وڵاتانی بەهێزی دنیای لە دژی ئەم رێژیمە لە دەوری یەك کۆکردۆتەوە. هەڕەشە لە ئیسرائیل و پشتیوانی لە تاقمە تیرۆریستەکانی لوبنان و فەلەستین و هەروەها ئاژاوەگێڕی لە عێراق دا زیاتر لە هەمووکات دنیای دەرەوەی لەو رێژیمە تورە کردوە. هەردوو کاندیدای سەرکۆماریی ئامریکا مەسەلەی بەکارهێنانی هێزی نیزامی لە دژی کۆماری ئیسلامییان بە تەواوی و یەکجاری وەلا نەناوە.

لە نێوخۆدا رەخنەو نارەزایەتیی چین و توێژەکانی خەڵکی وڵات لە پەرەگرتن دایە، مانگرتنی کرێکاران، مامۆستایان و بازاڕیان لەم دواییانەدا، نارەزایەتی لە بەرانبەر بارودۆخی خراپی ئابووری بە شێوەیەکی بێوێنە روودەدەن. لە کوردستان سەرەڕای ئەمانە بووژانەوەیەك لە بزوتنەوەی کورد دا بە دی دەکرێ، حوزووری سیاسی و تەبلیغیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا گۆمی مەندو راوەستاوی رابردووی شڵەقاند.

دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەو ترس و نیگەرانییانەدا خۆ توندوتۆڵ کردن لە باری نیزامی دایە. لە خەلیجی فارس پێگەی نیزامیی خۆی، دادەمەزرێنێ، تۆپ و مووشەکی دوورهاوێژ بە تاقی دەکاتەوە، سنوورەکانی لەگەڵ عێراق لە هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکا و پەرە بە دیاردەی بەسیج دەدا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەم هەنگاوانە و ئەم قایمکاری یە چ سوودێکی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ؟ ئەگەر وا دابنێین کۆماری ئیسلامی لە بەسیج کردنی خەڵك دا وەك حیزبی رەستاخیز لە سەردەمی پاشایەتی دا توانی زۆربەی خەڵك بکاتە ئەندام، دیسان نابێ دڵنیا بێ لەوەی کە لەو مەترسییانەی لە سەر رێگەیەتی رزگاری دەبێ. نمونەی ئەم جۆرە کردەوانە لە مێژووی دیکتاتۆرەکان دا زۆرن. هەر لە پەنا ئێران و لە وڵاتی عێراق دا رێژیمی سەدام حوسێن توانیبووی وەك ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەیکا، خەڵکێکی زۆر بە پووڵ و پارە و بە فێل و تەڵەکەیان بە زۆرە ملی چەکدار بکا. کاتێك کەوتە تەنگانەوە هەرئەو چەکانە رووبەرووی خۆی بوونەوە.

پاشان کەسێك کە لە بەر هەژاری و نەداری و بۆ دەرباز بوون لە ژیانی کولەمەرگی ناچار دەکرێ ببێتە بەسیج کوا دەکرێ ببێتە سەربازێکی فیداکار بۆ ئەو رێژیمە و گیانی خۆی لە مەترسی باوێ؟



بیروباوەڕو هەستی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستی و وڵاتپارێزیی خەڵك بەرەو بەسیج هان نادەن، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەگەر کەسێك خاوەنی ئەو هەستە پیرۆزانە بوو، راست ئەو کاتە کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خۆی دا دەبینێ.

لاوی کورد کە فریوی بەسیج دەخوا و لە کوردستان دا پێی دەڵێن "جاش" نەك لە رووی هەستێکی پیرۆزی شۆڕشگێڕانە، وڵاتپارێزانە و گەلدۆستانەوە بەڵکوو لە بەرانبەر کرێیەکی نزم دا بە تەڵەی دوژمنەوە دەبێ. ئەو کەسانە دەبێ وشیاربن و لە سەر دڵسۆزانی کوردە وشیاریان بکەنەوە کە رێژیم ئەم جۆرە کەسانە لە دژی نیشتمانەکەیان، نەتەوەکەیان و تەنانەت دەرو دراوسێ و بنەماڵەی خۆیان دا بە کاریان دێنێ. ئەو کەسانەی جگە لە شەرمەزاری و سەرشۆڕی شتێکی دیکەیان بە نسیب نابێ و کۆماری ئیسلامی تا سەر بۆ وان ناژی و رۆژێك دا دێ کە دەبێ لەگەڵ نەتەوەکەیان پاکانە حیساب بکەن.

# روخساری ئیلامی خەماوی

ن: فەریبا پەژووە
و: تەها رەحیمی

بەشی دووەم

عەباس، درووماچییەکە لە بازاڕی شاردا، لە شەقامی ٢٢ی بەهمەن پانتۆڵ دەدروێ‌و دەفرۆشێ. سەرەتا لە جیاوازیی پانتۆڵی ئیلام‌و کوردستانەوە دەست پێ‌دەکەم تا باسەکە دەگۆڕمە سەر خۆسووتاندن‌و خۆکوژی لە ئیلامدا. عەباس بەدەم تەقەڵ لێدانەوە، دەڵێ": ئەو پرسە وردەوردە دەبێ بە خووخدەو فەرهەنگێك. خەڵکی ئێرە لە کاتی شەڕدا زۆریان زەبرو زەنگ بینی. ژنەکەم کە کچێکی ٥ مانگانی لە زگ دابوو لە ترسی هێرشی فڕۆکە لە باری چووو ئێستاشی لەگەڵ دا بێ خێزانەکەم کێشەی دەروونیی هەیە".

حەیران نەجەف پوور، گەورە کارناسی کۆمەڵناسی‌و یەکێك لەو ژنە چالاکە خۆجێیانەیە کە لە بواری کێشەی خۆسووتاندا چالاکە. ناوبراو خۆی‌و بە تێچووی خۆی ناوەندێکی نادەوڵەتیی پشتیوانی لە ژنانی خەساردیتوو وکلینیکێکی یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی "NGO"ی تۆمار کردووەو بە کەمترین ئیمکاناتەوە رای دەپەڕێنێ‌و جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی کە ٩٥٪ ئەو کەسانەی سەردانی ئەو کلینیکە یامەتیدەرە دەکەن، ژنانن. نەجەف پوور خۆی وەك چالاکێکی خۆجێیی لە شاری ئیلام رووبەڕووی کێشەو ئاریشەی زۆر دەبێتەوە. بە جۆرێك کە بە وتەی ناوبراو هێشتا دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ لە دەسپێکی شۆفێری کردنی ژنان، ئەو ژنانەی ماشێنی تایبەتی خۆیان لێ دەخوڕن دەبنە مایەی گاڵتەو گەپی پیاوان، ئەگەر چی شۆفێرێتیی ژنان شتێکی زۆر لە مۆد کەوتووە هێشتا بەتەواوی لە شاری ئیلامدا جێی نەگرتوە. خاتوو نەجەف پوور لە بارەی کاریگەریی نالەباری شەڕ لە سەر دیاردەی خۆکوژی لە پارێزگای ئیلامدا پێ‌دادەگرێ‌و دەڵێ: " ئیلام لە بنبەستی جوگرافیاییدا هەڵ کەوتووەو پێوەندی لەگەڵ پارێزگەکانی دیکە نیە لە سەردەمی شەڕیش دا زۆربەی خەڵکی ئەو پارێزگەیە لە جیاتی پەنا بردن بۆ شارو ناوچەکانی دیکە روویان لە شاخ‌و چیاکان کردو خێوەتیان هەڵدا، من خۆشم لەگەڵ بنەماڵەکەمان چەندین ساڵ لەو کێوانەی دەوروبەر لە خێوەتدا ژیاوم". هەنووکە ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئاماری خۆسووتاندن دەبینین دیاردەی خۆکوژی تا ساڵی ١٣٧٠ لە شێوازی خۆسووتاندندا بوونی نەبووەو ئەو کێشەیە دەتوانێ یەکێك لە ئاکامەکان‌و کاریگەرییە راستەوخۆ دەروونییەکانی شەڕ لە سەر خەڵك بێ". نابراو وێڕای ئاماژە کردن بە کۆچی خەڵك لە گوندو شارە بچووکەکانی دەوروبەر بۆ پەراوێزی ئیلام دەڵێ: " لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەی پەراوێزنشینی پرسێکە کە دەبێ بە تایبەت لێی بکۆڵدرێتەوە".

هەروەك دەبینین ئەو پرسە بۆتە کێشەیەك بۆ گەورە شاری وەك تارانیش، هەر چۆنێك بێ دەتوانین پەراوێز نشینی‌و کێشەکانی سەرچاوە گرتوو لە پەراوێزنشینی بە یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی خەمۆکی‌و خۆکوژیی سەرچاوەگرتوو لە خەمۆکی دابنێین، ئەو کەس‌و بنەماڵانەی لە ئاواییەکانی دەوروبەرەوە هاتوونەتە ئیلام چاوەڕوانییان هەیە کە چاوەڕوانییەکانیان دابین ناکرێن. ئەوان لە نێوان ژیانی گوندی - ئاژەڵداری‌و ژیانی شاری‌و پێداویستییەکانی‌دا ماونەتەوەو بەو جۆرە کێشەکانی‌تر بەرهەم دێن. نەجەف پوور وێڕای ئاماژە بەو پرسە ئابوورییەی کە دەوڵەتەکانی رابردوو لە پارێزگە بێبەشەکان جێبەجێیان کردووەو بارودۆخەکەیان هێندێك بەرەو باشی بردوە دەڵێ:" لەوانەیە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا هێندێك نیشانەی باش بوونی رەوشی ئابووری لە شاردا وەك هێما ببینرێ، بەڵام بایەخە کۆمەڵایەتییەکان هیچ کام گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووەو بینەری دواکەوتوویی فەرهەنگی قووڵ لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانداو بە تایبەت پرسی ژن لەو پارێزگەیە داین". نابراو وێڕای ئاماژە بە کەموکووڕییە فەرهەنگییەکان دەڵێ:" لەو پرسە زۆر ساکارو کەم بایەخانەی کە زۆربەی جاران خۆکوژی لێ دەکەوێتەوە، پرسی بوختان هەڵبەستن بۆ تاکەکانەو لەو نێوەشدا بۆختانی ناموسی، هەستیارییەکی تایبەتی هەیە. کاتێك بۆختانێکی ئەوتۆ بە کەس یا کەسانێك بکرێ بە هەر نیازو مەبەستێك جا چ ژن‌و چ پیاو، زاربەزارو دەم بەدەم لە شاری بچووکی ئیلامدا بڵاو دەبێتەوەو چونکە کۆمەڵگا لە سەر پارستنی پێکهاتە نەریتەکەی پێداگرە، ئەو کێشانە بۆ داکۆکی لێ کردن نابن، جا بۆیە کەس یا ئەو کەسانەی ئەو مۆرکانەیان لە سەر بێ رێگەی دەرباز بوونیان خۆکوشتنە. کە رەنگە خۆکوژی تەنیا رێگەی دەرباز بوون لە گۆنگەڵی تۆمەتە رەوشتییەکان بێ. حەیران نەجەف پوور بە جەخت کردنەوەی لە سەر ئەوەی کە جاری وایە یاساش لە بەرانبەر ئەو شتەی "عورف"ی پێ دەوترێ بێدەنگی دەکا دەڵێ: " تەنانەت و رەنگە و بووەش کە هێندێك لەو خۆکوژییە ناموسییانە، کوشتن (قتل ) بووبێ، بەڵام کۆمەڵگە بە شێوەی "عورفی " سەیری ئەو رووداوانەی کردووەو تەنانەت ئەو کاتانە یاساش لە بەرانبەر ئەو پرسانەدا بێدەنگ ماوەتەوەو وەشوێن عورف کەوتوە." خاتوو نەجەف پووکە بە خرۆشەوە دەدوا و لە چاوەکانیەوە نیگەرانییەك دیار بوو، ئاخێك هەڵ دەکێشێ و دەڵێ:" چەندساڵ لەمەوبەر پرسی خۆکوژی وەرنەدەگیرا کەسوکاری ئەو کەسەی خۆی کوشتبا تێ‌دەکۆشان بە جۆرێك مەسەلەکە دیزە بە دەرخۆنە بکەن، بەڵام بە داخەوە بەرەبەرە خۆکوژی حاڵەتی ئاسایی دەگرێتە خۆو وەك مردنی ئاسایی چاو لێ دەکرێ. وەك بڵێی خۆکوژی شێوازێکی سروشتییە کە لەوانەیە هەموو مرۆڤێك پێی بمرێ. خەڵك بە شێوەی ئاسایی پرسەو سەرەخۆشیی بۆ دادەنێین و خەڵکیش بەشداریی تێدا دەکەن. تەنات لەوانەیە بتوانین بڵێین خۆسووتاندن ئەم رۆژانە بۆتە مۆدو ئەوە زەنگی مەترسییە،چونکە گۆیا کۆمەڵگە لە بەرانبەر خۆکوژی ئازاربارترین شێوازی ئەو، واتا خۆسووتاندن واکسنیە کراوە (کوتراوە) و کردوویەتە فەرهەنگێك.

لە کلینیکە چووکەکەی حەیران کە دێینە دەرێ، ئاگاداریی پرسەی لاوێك سەرنجم رادەکێشێ. ئاگاداری پرسەو ورێوڕەسمی شەوی سێیەمی رەزا کاکاوەند، کوڕی حوسین، شوێن مزگەوتی " والی ی شار". لە وێنەی سەر ئاگادارییەکەدا تەمەنی رەزا کەمتر لە ٣٠ ساڵ دەنوێنێ، هەروەك سەرقاڵی چاولێکردن لە ئاگادارییەکەم پیاوێك لەولای کۆڵانەوە نزیك دەبێتەوە وبێ بەرایی دەڵێ: " سێ رۆژ لەمەوبەر بە حەوت تیرە خۆی کوشتوە. محەمەد قاسم درکیان، خوشکەزای رەزاش پارەکە لە چغاسەوز خۆی لە دار دا". چەند هەنگاوێك ئەو لاتر تاکسییەك دەگرم تا هێندێك لەو کەشە دوور کەومەوە. بەڵام شۆفێر تاکسی سەری قسە دەکاتەوە.. غەریبن خاتوون؟ بەڵێ ! رێبوارم شۆفێرەکە جگەرەیەك دادەگیرسێنی: ناڕەزایەتیی دەردەبڕم کە: "بەرێز دەکرێ جگەرەکەت بکوژێنییەوە؟" دیارە رێبوارن خوشکێ مێشکمان تێك چووە. هەر چەند رۆژ لەمەوبەر بوو ئەو منداڵەم سوار کرد و رادەستی باوکیم کردەوە بەڵام ... و دیسان نەخۆشخانەی تاڵەقانی ئیلام. لە حەوشەی نەخۆشخانە شین و گریانێکە نەبێتەوە. دەنگی شینی ژنان نەخۆشخانەی هەڵ گرتووە، هیچ کەسیش نیە ناڕەزایەتیی دەربڕێ. ژنێك کە جلی خۆجێی شەدە و هەوری لە سەرە، بەردەوام دەستەکانی رادەشێنێ و قسە دەکا کە من تەنیا "رۆڵە"کەی لێ تێگەیشتم. پوریا کەهزاری، ١٣ ساڵە، دوێنێ ئاوری لەخۆی بەرداوە و چونکی ١٠٠ ٪ سووتاوە لە قاوشی





پیاوانەی نەخۆشخانەی تاڵەقانی خەوێنراوە. پیاوێکش بە دەستی سووتاو و باندپێچی کراوەوە لە لای راوەستاوە. شۆفێر تاکسی لە سەری دەڕواو دەڵێ! " نزیك بە مانگێك لەمەوبەر ئەو پوریایە سواری تاکسییەکەم بووو گوتی دەربەست بمبە کرماشان. منیش لێم کۆڵییەوە زانیم لەگەڵ زڕدایکی شەڕی بووە و دەیەوێ لە ماڵێ زیزبێ. پێوەندیم بە بابیەوە کرد و بە هەزار دەردەسەری دامەوە دەستی بنەماڵەکەی بەڵام خۆزگە وام نەکردایە، ئەگەر ئەوەم نەکردبایە. لەوانە بوو ئێستا ، مابایە." پوریای ١٣ ساڵە چەند ساڵ بوو لەگەڵ زڕدایکی تووشی کێشە هاتبوو سەرەنجام دوای ئەوەی لەگەڵی بە شەڕ دێ هەڕەشەی خۆسووتاندن دەکا و جەستەی بە ئاگر دەسپێرێ. هەوڵەکانی باوکی بۆ کوژاندوەی پوریا ئاکامی نابێ. بابیشی دەست و دەموچاوی دەسووتێ ......"

بەپێی ئاماری فەرمی و بەڵگەنامەی یەکێك لە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پارێزگای ئیلام لە ماوەی ساڵی ٨٢ تا٨٦ نزیکەی ٢٠٠٠ کەس لەو پارێزگایەدا خۆیان کوشتووە کە بە ریز: ساڵی ١٣٨٢، ٤٨٥ کەس - ساڵی ١٣٨٣، ٣٣٧ کەس - ساڵی ١٣٨٤ ، ٣٢٠ کەس - ساڵی ١٣٨٥، ٤١٧ کەس - ساڵی ١٣٨٦، ٣٨٧کەس ، کە لە نێو ئەو ئامارە دا کشتوکاڵی (شارستانی دەرەسەوز) و حەب هاویشتن زۆرترین ئامرازەکانی خۆکوشتن و خوسووتاندنیش لە ئیلام رووی داوە. لەو نێوەدا ساڵی ٨٤ پیاوێ کە ویستوویەتی خۆی بکوژی هەوڵیی داوە سەری خۆی ببڕێ و ساڵی ٨٥ یش ژنێك بە مەبەستی خۆکوشتن دەرزی درومانی خواردە. دوکتور " یارمحەمەد قاسمی " کۆمەڵناس و کەسێکی خەڵکی ناوچەی شاری ئیلامە کە کێشیەی خۆکوژی لەو پارێزگەیە یەکێك لە کەڵکەڵەکانی بووە لەو رێگەیەدا مایەی داناوە. ناوبراو ماکەی زۆربەی ئاڵۆزییەکانی پارێزگەی ئیلام بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کۆمەڵگەی ئیلام خەریکی تێپەڕین لە نەریتەوە بۆ جۆریك مودێرنیزمە. بە وتەی ئەو ئەندامەی شاندی زانستیی زانکۆی ئیلام، کۆمەڵگەی ئیلام تووشی مودێرنیتەیەکی زوو و بەپەلە هاتوە. بە وتەی ناوبراو سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ کە ئیلام وەك پارێزگەیەکی سەربەخۆ لە کرماشان جیابۆوە، گوژمەگەلێك بەرەو ئەو پارێزگەیە شۆڕ بۆوە و بەشێکی زۆری ئەو گوژمانە لە بەشی بنیاسازی‌دا خەرج کرا. ئەوە لە حاڵێك بوو کە کۆمەڵگەی ئیلام ، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و زیاتر لە نێوەی خەڵکەکەی گەرمێن و کوێستانی دەکرد. دوای خەرج کردنی ئەو گوژمانە لە ئیلامدا، بە جۆرێك خێڵەکان نیشتەجێ بوون و حەشیمەتی ئیلام لە نزیك ٣٠ هەزار کەسەوە لە ماوەی دوو دەیەدا بوو بە ١٠٠ هەزارکەس و ئێستاش ٢٠٠ هەزار کەسە. بەمجۆرە کۆمەڵگەی خێڵەکی لە شیرازەی نەریتی دواکەوتووەوە پێی ناوەتە کۆمەڵگەیەك کە ١٨٠ پلە جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگەی دوێنێ بوو و زۆر خێرا، تێکنۆلۆژی، تلویزێون سینەما، باخی گشتی، خانووبەرەی ئەندازەیی، ماشێن و ئامرازە مودێرنەکانی دیکە و ئێستاش موبایل و ......) خزایە کۆمەڵگەوە. بەڵام زانیاری و فەرهەنگی بەکارهێنانی ئەو تێکۆلۆژی و رێوشوێنی شارۆمەندیی کۆمەڵگەی نەگرتەوە. بەمجۆرە روخساری هاووڵاتیی بوون کە لە جەوهەردا تاکگەرایە هاتە نێو کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و کۆگەراو پیرسالارو ئەو پرسە بوو بە هۆی پێکهاتنی بنەماکانی دژایەتی لە کۆمەڵگەی ئیلامدا." دوکتور قاسمی لە درێژەدادەڵێ، من شەڕ و دەرەنجامەکەی سەرچاوە گرتوو لە شەڕ بە کاتالیزۆر و خێراییبەخشی خوڵقانی کێشەو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی ئیلام دەزانم. کێشە رۆحییەکانی شەڕ دەتوانێ یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی بێ، بەڵام پارادۆکس و دژوازی نێوان کۆمەڵگەی مودێرن و نەریتی بە سەرەکیترین هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئیلام دەزانم." ناوبراو لە درێژەدا وێڕای ئاماژە بە بڵاو بوونەوەی پرۆگرامە تلویزیۆنییەکان و دەسڕاگەیشتنی ئاسانی خەڵك بەو پرۆگرامانەی کە لە پێتەختەوە دەنێردرێن دەڵێ:" تەنانەت ئەو ئاڵقە و پرۆگرامانەی کە لە تلویزێونەوە بڵاو دەبنەوە دەتوانن ببنە هۆکاری پێکهاتنی جۆرێك دووفاقێتیی کەسایەتی لە نێو خەڵك و بەتایبەت لاواندا. بە جۆرێك کە زۆربەی لاوان و ژنان بە هەڵسەنگاندن ژیانی نیوە خێڵەکیی خۆیان لەگەڵ ئەو ژیانەی لە شاشەی تلویزیۆنەوەو لە زنجیرەکانیدا دەبینن تووشی کێشە دەبن و زۆربەیان قەیرانی بێ شوناسی دەیانگرێتەوە. بەمجۆرەو بە سەرنجدان بە هێندێك گوشاری فەرهەنگی کە بە جۆرێك لە وڵاتدا گشتگیرە و لە ئیلامدا بەهۆی شیرازەی پتەوی کۆمەڵگەوە دەکرێ بینەری کەوتنەوەی کەڵێنی فەرهنگی بین و دەرەنجامەکانی ئەو کەڵێنەش جاری وایە داماوی، گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر، خۆکوشتن و خۆسووتاندن، ئەلکۆلیزم و جاری واشە وندالیزمی کۆمەڵایەتیی لێ‌دەکەوێتەوە." کاتێك لە بارەی شێوەی دەرمان: و چارەسەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە و چۆنیەتیی رووبوونەوەیان لە دوکتور قاسمی دەپرسم، دوکتور مات دەبێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:" لەوانەیە درەنگ بووبێ ". قاسمی لە درێژەدا دەڵێ:"دەبێ بەر لەوەی تاووتوێی ئەو کێشانە بکەین پێشگری لە کەوتنەوەیان بکەین، تازە ئەو نەخۆشییە هەموو لەشی گرتۆتەوە. وێدەچێ لەو هەلومەرجەدا نەخۆش دەبێ قۆناخەکانی نەخۆشی‌یەکە ببڕێ و خۆی لە بەر ئاسەوارە نەرێنییەکانی راگرێ و نرخی بۆ بدا." ناوبراو پێداگرە کە تاووتوێی پرسی خۆکوژی لە ئیلام پێویستی بە برینێکی ٣٠ ساڵە هەیە، بە داخەوە ئەمڕۆ دەبینن رێژیم هێندێك هەنگاو دەنێ کە بە جۆرێك خۆکوژی بەهێز دەکا. ئەندامی شاندی زانستیی زانکۆی ئیلام کە ئەو رۆژانە و پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی نۆیەم و دەرکردنی مامۆستایانی لێهاتوو لە زانکۆکانی وڵات، لە زانکۆش تووشی کێشە بووە.دەڵێ :" بە سەرنجدان بە پاشگری بێبەش کە بەئیلامەوە لکاوە، لە ماوەی ئەم ساڵانەی دوایی‌دا هەوڵ دراوە زیاتر گرینگی بە پێشکەوتنی رەقئامێر بدرێت و رەقئامێر کۆمەڵگەی ئیلامی کردۆتە کۆیلەی خۆی. ئەوە لە حاڵێك دایە ئیلام پێویستی بە پێداچوونەوە بەو روانینە هەیە لە بۆ پەرەپێدان هەیەتی. بەرێوەبەران دەبێ ژێرخانی فەرهەنگی و گەشەی فەرهەنگی بکەنە ئامانج وسەرەتیی پێ بەخشن." ناوبراو دەڵێ:" بە گرینگی‌دان و سیاسەت کردن لە سەر بنەمای تێکنۆکراسی، کۆمەڵگەی ئیلام لە خۆکوژی و ئاماری رۆژبەرۆژ هەڵکشاوی ئەو رزگاری نایە و رووخانەی خانووە کۆنەکان و بەرزکردنەوەی ئاپارتمان، بێ ئەوەی پرۆپاگەندە و بەرنامەڕێژیی پێویست بۆ شیکردنەوەی فەرهەنگی ئاپارتمان نشینی بکرێ قەت وەڵامدەری کێشەو ئارێشەکانی خەڵکی نابێ.

# ململانێی نێوان ئەرتەش و دەوڵەت لە تورکیا و کێشەی کورد لەو وڵاتەدا

سمکۆ ئەردەلان

ڕەنگە لە کەمتر وڵاتی دنیادا جیاوازی بۆچوون و بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئەرتەشی ئەو وڵاتە تا ئەو ڕادەیە لێک دوور بن. دەوڵەتێک کە لە لایەن حیزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامگەراوە دامەزراوە لە بەرامبەر ئەرتەشی ئەو وڵاتەدا خۆی دیتۆتەوە کە دەیان ساڵە خۆی بە پارێزەری ئەو بنەما سیاسیانە دەزانێ کە لە لایەن مستەفا کەماڵ ئاتاتورکی بناخەدانەری تورکیای نوێوە هاتنە ئاراوە. ئەو بنەمایانەی کە بەر لە هەر شت لە سەر کۆڵەکەی پاراستنی نیزامی لائیک و سەرکوتی مەزهەبەکان دامەزراوە.

تورکیایەک کە لە سەر پاشماوەکانی دەسەڵاتی مەزهەبیی خەلیفەکانی عوسمانی لە لایەن مستەفا کەماڵەوە بنیات نرا، لە سەر بنەمای جێگۆڕکێی خەلافەتی ئیسلامی بە ناسیونالیزمی تورک دامەزرا کە لەو نێوەدا هەموو نەتەوەکانی ئەو وڵاتە و یەک لەوان کوردەکان وەک دووهەمین نەتەوە لە تورکیا بە بەشێک لە نەتەوەی تورک حیسابیان بۆ بکرێ و ئەو سیاسەتە لە لایەن دەوڵەتەوە بوو بە بنەمایەک تا هەموو موسوڵمانەکان لەو وڵاتەدا خۆیان بە تورک بزانن. واتە لە لایەک حاشا لە بوونی هەر جۆرە نەتەوەیەک بوو بە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت و لە لایەکی تریش لە ڕوانگەی نیزامی سێکۆلاری ئەو وڵاتەوە چەمکی تورکایەتی دەبوو جێگای چەمکی ئیسلامەتی بگرێتەوە. سروشتیە کە بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەم سیاسەتەش، تورکیا پێویستی بە هێزێکی تەیار و سەرکوتکەر و بەدەسەڵات هەبوو. ئەوەش لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەو وڵاتەدا ئەو دەرفەتەی بۆ ئەرتەشی ئەو وڵاتە خۆش کرد تا بانتر لە دەنگی خەڵک و دەوڵەت هەمیشە وەک دەسەڵاتی سێبەر و دەوڵەتی شاراوە لە بەرامبەر دەوڵەتە هەڵبژێردراوەکاندا خۆی بنوێنێ. دیارە ئەم خۆ نواندنەی ئەرتەش لە مێژووی سیاسیی تورکیادا هاوسان نەبووە و هەرگا حیزبە ناسیونالیستەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووبێ، هاوڕا و هاوتەریب لە گەڵ دەسەڵاتی ئەرتەش هەنگاویان ناوەو بە پێچەوانەشەوە هەرگا حیزبێک بە جۆرێک ماکەی پێکهاتنی لە گەڵ چەمکەکانی سیکولاریزم یان تاک نەتەوە دژایەتی بووبێ، هێز و دەسەڵاتی ئەرتەش پتر لە بەرامبەری دا خۆی نواندووە و تەنانەت لە مێژووی ئەو وڵاتەدا تا ئێستا چوار جار دەوڵەتە ئیسلامگەراکان لە لایەن ئەرتەشەوە ڕوخێندراون.

ئەگەرچی وەک باس کرا دوو کۆڵەکەی سێکۆلاریزم و تاک نەتەوە بناخەی کۆماری



تورکیایان لە سەر دامەزراوە بەڵام ئەو وڵاتە خاوەنی دیموکراسییەکی فرە حیزبییەو ئەوەش وای کردووە کە دوو فاکتەری ئیسلام وەکو مەزهەبی سەرکوتکراو و کورد وەک گەورەترین نەتەوەی حاشا لێکراو لە کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا لە لایەن حیزبەکانەوە کەم و زۆر حیسابیان بۆ بکرێ و تەنانەت زۆر جار نەخشی یەکلاکەرەوەشیان بووە. نەخشێک کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی حیزبی داد و گەشەپێداندا، ئەگەرچی بە ڕادەی جیاواز بەڵام دەوری گرینگیان گێڕاوە.

حیزبی داد و گەشەپێدان لە سەر ئەزموونی پێشینیانی خۆی بۆی دەرکەوتووە کە تاکە ڕێگای بۆ ململانێ لە گەڵ ئەرتەش و گەیشتنی بە ئامانجەکان دەستەبەر کردنی زۆرترین ڕادەی لایەنگر لە ناو خەڵکی وڵاتەکە و لەوەشەوە داگیرکردنی زۆرترین کورسیەکانی ناو پارلمانی تورکیایە. پارلمانێک کە هەم دەزگای یاسادانەری وڵاتەکەیە و هەمیش پێکهێنەری دەوڵەت. کەوابوو حیزبی داد و گەشەپێدانی ئیسلامگەرا ناچارە هەموو وزە و توانایی خۆی بۆ دروێنەی دەنگەکان لەو وڵاتە بە کار بێنێ. ئەوەش جگە بە لە ژێر پێ خستنی خشکەیی و نائاشکرای بنەماکانی دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەو پارتە مسۆگەر نابێ.

لایەنی فکری و ئایدۆلۆژیایی ئەو حیزبە کە ڕیشەیان لە ئیسلام دایە، لە لایەک لەمپەرێکە بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لە کاتی دەستەبەرنەبوونی زۆرینەی کورسیەکان نەتوانێ یان حیزبەکانی تر ئامادە نەبن حکومەتی هاوبەشی لە گەڵ پێکبێنن و بە ناچار لە پێکهێنانی دەوڵەتدا ناکام بمێنێتەوە. لە لایەکی تریش کردنەوەی قفڵەکانی سێکۆلاریزم لە ڕێی ئیسلاحی یاسای بنەڕەتی وڵات یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم پارتەیە کە سەرکەوتن تێیدا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی دەستەبەربوونی کورسیەکانی پارلمانەوە هەیە. ئامانجێک کە لە لایەن ئەرتەش و ناسیۆنالیزمی تورکیاوە بە دژایەتی لە گەڵ بنەماکانی نیزامی تورکیا و کەمالیزم لێکدەدرێتەوە و زۆر جار بە دژی حکومەتەکەی ئەردۆغان، بانگەشەی وەستانی تورکیا لە سەر دوڕیانی ئیسلام و سێکۆلاریزم دەکرێ. بانگەشەیەک کە لە لایەن ڕێبەرانی داد و گەشەپێدانەوە بە ململانێی نێوان دێموکراسی و سێکۆلاریزم بەرپەرچ دەدرێتەوە.

هەوڵدان بۆ جێگۆڕکێی سێکۆلاریزم بە دێموکراسی، کە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامگەرای تورکیاوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، ڕێبەرانی پارتی داد و گەشەپێدان لە ناو دەوڵەت ناچار دەکا کە بە دژی بە کار هێنانی توندوتیژی لە سەر گەلی کورد لە تورکیا، هەرچەند بە بێدەنگی، هەنگاو هەڵبێننەوە و ناچارن حیسابی تیرۆریزم لە گەڵ کێشەی نەتەوەیەک لێک جیا بکەنەوە. لە لایەکی تریشەوە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی تورکیادا بۆ حیزبی عەداڵەت و گەشەپێدان، هۆکارێکی گرینگە تا ئەم حیزبە نەتوانێ دەنگی حەشیمەتی دەیان میلیۆنیی کورد لە تورکیا لەو هەڵبژاردنانەدا وەبەرچاو نەگرێ. پابەندبوونی زیاتری کوردەکان بە ئایینی ئیسلام و وەفادارنەبوونی حیزبە ئیسلامیەکان بە بنەماکانی نیزامی تورکیا دوو هۆکاری گرینگ بوون بۆ ئەوەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا حیزبە ئیسلامگەراکان کوردستان وەک هەرێمی خەڵوەتی خۆیان لە کاتی هەڵبژکاردنەکاندا سەیر بکەن. بەڵام چەند ساڵێکە کە ئیدی کوردان لەو وڵاتەدا پێ لە سەر خواستە نەتەوایەتیەکانیان دادەگرن و بە هێندێک بەڵێنی و وادەی ئابووری یان ئایینی لە لایەن حیزبەکانەوە ڕازی نین. ڕەنگە هەر ئەو ئامانجەش لە پشت ئەو هەوڵە سەرەتاییانەوە بێ کە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامگەراوە سەبارەت بە کوردەکان وەک بە ڕەسمی ناسینی نەورۆز یان دانانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە زمانی کوردی هاتۆتە ئاراوە. لە کاتێکدا کە ئەرتەش شەڕ و پێکدادان و تەنانەت هەر وەک لە دۆسیەکەی ئەرگەنەکۆندا دەرکەوت، تا ڕادەیەک پشێوی و ئاڵۆزیی ناوخۆش لە تورکیا بە قازانجی خۆی دەبینێ و وەک زۆربەی هێزە چەکدارەکانی دنیا بەهێزبوونی لە شەڕ و ئاژاوە دایە، دەوڵەتی ئەردۆغان ناچارە بیر لە ئاسایش و ئارامیی ناوخۆ و بوژاندنەوەی ئابووری وڵات و ... بکاتەوە. بە بڕوای من تەنانەت دانی مۆڵەتی هێرش بۆ سەر بنکەکانی پ.ک.ک. لە دەرەوەی خاکی تورکیاش بە ئەرتەشی ئەو وڵاتە لە لایەن پارلمانەوە بە بەشێک لە سیاسەتی ئارامی بۆ ناوخۆ و لە پەنا ئەوەشدا لاوازکردنی ئەرتەش لە لایەن دەوڵەتەوە دێتە ئەژمار. هەر وەک دیترا ئەرتەش لەو هەنگاوەیدا سەر نەکەوت و بێ دەسکەوت گەڕایەوە و بە دوای پاشەکشەکەیدا، ئەردۆغان لە ئاخاوتنێکدا کە بۆ فراکسیۆنی حیزبی داد و گەشەپێدان لە پارلمانی ئەو وڵاتە قسەی دەکرد و لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیشەوە بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند کە حکومەتەکەی بە تەمایە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا سەرمایەگوزاری بکا و ڕایگەیاند کە سەرکوت و هێرشی نیزامی ڕێگا چارەی پاراستنی هێمنایەتی و یەکێتی تورکیا نییە.

ئەگەرچی دژایەتی نێوان حکومەت و ئەرتەش لە هەمبەر کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە تورکیا بە ڕادەی کێشەکانی ئەم دوانە لە هەمبەر کێشەی سێکۆلاریزم و مەزهەب یان سێکۆلاریزم و دیموکراسی نەگەیشتوەو لە بنەڕەتدا دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد دەغدەغەی حیزبی داد و گەشەپێدان نییە، بەڵام بە پێچەوانەی حکومەتەکانی پێشوو و ئامانجەکانی ئەرتەش سەرکوتکردنی خواستەکانی گەلی کوردیش لەو وڵاتە دەغدەغەی سەرەکیی دەوڵەتی ئیسلامگەرای ئەردۆغان نییە. هاوکات ئەو حیزبە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی و پێشاندانی سیمایەکی باشتر لە خۆی بە ڕووی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت یەکێتی ئوروپا کە وەرگیرانی تورکیا لەو یەکێتیەدا بەشێکی بەرچاو لە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەردۆغانە، ناچارە کەم و زۆر ئاوڕ لە کێشەی کورد بداتەوە. ئەزموونی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی، ئەوەی بە ڕێبەرانی ئەو حیزبە سەلماندووە کە بە هەر ڕادەیەک لە ئاسایش و پێشکەوتنی وڵاتەکەیاندا سەرکەون، هەر بەو ڕادەیەش شانسی سەرکەوتنیان زیاترە. بە پێی هەواڵێک کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کاناڵی تەلەڤزیۆنیی ئەلجەزیرە بڵاو کرایەوە، ڕاپرسیەکان دەریدەخەن کە زۆربەی دانیشتوانی وڵاتی تورکیا پێیانوایە ڕێگە چارەی نیزامی کێشەی کوردەکان چارەسەر ناکا و لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە لە بواری ئابووری و سیاسییەوە بۆ ئەم کێشەیە هەنگاو باوێژرێ.

پانۆراما

## ئەحمەد تورك پێشنیاری ئۆتۆنۆمی دێموكراتیك بۆ چارەسەری پرسی كورد دەكا

ئەحمەد تورك سەرۆكی پارتی كۆمەڵگای دێموكراتیك لە ئاخاوتنێكدا كە لە نێو پێنج هەزار مانگرتوو لە شاری دیاربەكر پێشكەشی كرد، پێشنیاری ڕێگە چارەی ئۆتۆنۆمی دێموكراتیكی بۆ چارەسەری پرسی كورد لە باكووری كوردستان كرد.

سەرۆكی DTP لە وتەكانی دا بە توندی ڕەخنەی لە دوایین لێدوانی ئەردۆغان لە شاری وان گرت و لێدوانەكەی ناوبراوی بە شۆوینیزم و شەرمەزارییەكی گەورە ناوبرد. ئەردۆغان وتبووی ئەگەر pkk ڕاست دەكاو ئاشتی دەوێ، دەبێ چەك دابنێن و خەڵك نەورووژێنن.

ئەحمەد تورك لە وەڵامی ئەردۆغان دا ڕایگەیاند ئەگەر ئەردۆغان و پارتەكەی نیازیان پاكە لە جێگەی ئەو قسانە با دان بە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی كورد دابنێن و ئۆتۆنۆمیی دێموكراتیك وەكوو چارەسەرێك بۆ كێشەی كورد قەبووڵ بكەن.

## لە یاسای بنەڕەتی هەرێمی كوردستاندا مافی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەكان پێش بینی كراوە

لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی هەرێمی كوردستان دا كە بڕیارە لە داهاتوویەكی نزیك دا بخرێتە بەر دەنگدانەوە،مافی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەكانی هەرێمی كوردستان پێش بینی كراوە.

لە پرۆژە یاسای مافی ئۆتۆنۆمی كە وەكو گەڵاڵەیەك لە لایەن لێژنەی كلدو ئاشورو سریانی لە پارلمانی كوردستان ئامادە كراوە، تێیدا داوا كراوە كە مافی ئۆتۆنۆمی لە دەشتی نەینەوا لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستان بە مەسیحییەكان بدرێت.

لەمبارەیەوە ڕۆمیۆ هەكاری ئەندامی پارلمان و سەرۆكی پارتی "بیت النهرین" بە ڕۆژنامەی هەولێرپۆستی ڕاگەیاندووە كە ئۆتۆنۆمی لە یاسای بنەڕەتی هەرێمی كوردستان دا دەنووسرێت و ئەمەش مایەی دڵخۆشییەكی گەورەیە بۆ هەموو مەسیحییەكان. ناوبراو هەروەها وتی ئەگەر پشتیوانی كورد نەبێ مەسیحییەكان هیچ مافێكیان لە عێراق دا پێنادرێ.

## چەندین كەس لە ڕێبەرانی پارتە كوردییەكانی سووریە دەسبەسەركران

لە ڕێپێوانی نارەزایەتی كوردەكان لە دیمەشق چەندین كەس لە ڕێبەرانی پارتە كوردییەكان و هەروەها دەیان هاوڵاتی كورد لە لایەن پۆلیسەوە دەسبەسەر كران

ئاژانسەكانی هەواڵ بڵاویان كردۆتەوە كە لە ڕێپێوانێكی نارەزایەتی لە دیمەشق كە بە دژی بڕیاری ڕێگرتن لە مافی خاوەندارێتی بەڕێوە چوو و نزیك بە دوو هەزار كەس تێیدا بەشدار بوون، ٨كەس لە ئەندامانی سەركردایەتی پارتە كوردییەكان و هەروەها نزیك بە ٢٠٠ هاوڵاتی دەسبەسەر كراون.

شایانی باسە بە پێی بڕیاری تازەی ڕێژیمی بەعسی سوریا بەشێكی زۆر لە كوردەكان لە مافی خاوەندارێتیو كڕین و فرۆشتنی زەویو خانووبەرە لە ناوچە كوردییەكان دا بێ بەش دەبن.

# پلۆرالیزمی نەخوازراو و گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی بەرەی کوردستانی

**یوسف ئیبراهیم خاس**

**"ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، نە بەتەنیا دەتوانین کۆماری ئیسلامی بڕوخێنین، نە بەتەنیا دەتوانین ببینە ئالتێرناتیڤێك لە شوێن ئەو رێژیمە."(شەهیدی نەمر د. قاسملوو)**

ئەگەر بمانهەوێ پاتۆلۆژیی(خەسارناسیی) حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بکەین و قەیرانەکانی هەنووکەیی ئەو رێکخراوانە بێنینە بەر باس دەتوانین بڵێین، دوای شەڕی سارد و لاواز بوونی جووڵانەوەی چەکداریی پشت بەستوو بە سنوور، رێکخراوەو حیزبە کوردستانییەکان تووشی زۆر کێشە و گرفت بوون، کە وەکوو (شێرپەنجە) لە نێو جەستەی ئەم حیزبانەدا ریشەی داکوتا. تاراوگەنشینیی حیزبەکانی رۆژهەڵات، گۆڕانی شێوازی خەبات و دابڕانیان لە خەڵك زۆر کێشەی بۆ ئەم حیزبانە خوڵقاند. ئەو کێشەو گرفتە نێوخۆییانە کە پتر لە دەیەیەك بوو بەرۆکی حیزبە کوردستانییەکانی گرتبوو، بە لێکدابڕانەکانی چەند ساڵی رابردووی ئەم حیزبانە خۆیان دەرخست.

ئەم بارودۆخە وای کرد کە پلۆرالیزمێکی نەخوازراو کە خاوەن دیسکۆرسی تۆلێرانس نیەو وەکوو سیستمێکی پلۆرالی ئەکتیڤ کار ناکا لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی کوردستان دا بێتە ئاراوە. ئەو بارودۆخە وای کردوە کە لە هەلومەرجێکی وەها ناسکدا کە دوژمنی دڕندەی گەلی کورد واتە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە قەیرانێکی سیاسی - ئابووریی قووڵەوە، حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی لە جیاتی یەکگرتن و کەڵك وەرگرتن لەو هەلە، خەریکی لێکدابڕان و پاکانەی نێو رێکخراوەیی خۆیان بن.

دامەزرانی حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بەتایبەتی، لە سەر بنەمایەکی سۆڤیەتی و ئیستالینی کە زۆربەیان لە دایك بووی جیهانی دوو جەمسەری و سەردەمی شەڕی ساردن، بۆتە هۆی ئەوە کە بیرێکی سەنتەرگەرای خاوەن دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز بێتە ئاراوە، کە هیچ جۆرە جیاواز بیرکردنەوەیەك لە نێو خۆیدا قەبووڵ ناکا، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە هەبوونی فراکسیۆن و رەوتێکی جیابیری رێفۆرمخواز لە حیزبەکانی کوردستان دا وەکوو تابۆ و شتێکی بڤە سەیر بکرێ، گومانی پیلان لەلای زۆرینەی دەسەڵاتدار بە سەر حیزبدا سازدەکا. بۆیە دەکرێ بڵێین کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابڕان لە حیزبە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەو مەسەلەیە و نەبوونی بیری دێموکراتێك لە نێو ئەو پارتانەدا.

شتێکی کە زۆر جێگای سەرسووڕمانە ئەوەیە کە ئەو حیزبانە نەتەنیا ئامادە نین لەگەڵ جیابیرانی خۆیاندا لە حیزبێکدا تێکۆشانیان بە دژی کۆماری ئیسلامی رێك بخەن، تەنانەت لە ئاستی هاوکاریی ساکار و سەرەتایی دا لە نێو ئەم حیزبانە جۆرە ساردییەکی سەیرو سەمەرە بەدی دەکرێ. بەداخەوە حیزبە کوردستانییەکان لە جیاتی ئەوە کە بە شوێن خاڵە هاوبەشەکانی یەکتردا بگەڕێن و بە رەخنەی بنیاتنەر گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش لە نێوبەرن، بە شوێن خاڵە لاوازەکانی یەکتردا دەگەڕێن و بە داخەوە جۆرێك رکابەرایەتیی ناسالم لە نێو ئەو هێزانە دێتەوە ئاراوە. هۆیەکانی ئەم کێشەیە دەتوانن بێ ژمار بن بەڵام من هێندێك هۆکار بەشێوەیەکی کورت دێنمە بەر باس:



هێندێك رێکخراوی کوردستانی بوونیان هەیە کە پێیان وایە دەرمانی کێشەو گرفتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی و حیزبەکانی ئەوان، پشت بەستنە بە هێزێکی دەرەکیی بەهێز (بۆ نموونە ئامریکا) کە دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ و ئەوان وەك ئالتێرناتیڤێکی سەربەخۆ بە دەسەڵات بگەیەنێ. لە راستی دا ئەم هێزانە بەهۆی لاوازیی بڕوایان بەهێزیی جەماوەرو دڕدۆنگی و دوودڵی سەبارەت بە هێزو پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان تووشی سەر گەردانییەکی ئیستراتیژیك بوون. بۆیە رزگاری لەو حاڵەتەی تووشی هاتوون پشت بەستن بە لایەنی دەرەکییان هەڵبژاردوە. ئەوەش لە گۆڕەپانی کردەوەو پراتیك دا هەم لە ئاستی جیهانی و کوردستانی دا ئەو هێزانەی تووشی پاسیڤیزمێکی قووڵ کردۆتەوە و هەم لە باری پێگەی جەماوەرییەوە بوونێکی زۆری لاوازی کردوون.

خۆ بەزل زانین و تاکڕەوی هێندێ حیزب و لایەن کە خۆیان یەکەم داهێنەری بیری دامەزراندنی بەرەو هەڵبژاردنی ئیستراتێریکی فێدرالیزم و... دەزانن پێیان وایە کە بەرە دەبێ بەپێی بۆچوونی ئەوان و لە سەربنەمای ستراکتۆری داڕێژراو لە لایەن ئەوانەوە

دابمەزرێ و حیزبەکانی بەشدار لە نێو ئەو بەرەیەدا وەك خۆی دەبێ بەشێوەیەکی بژاردەیی هەڵبژێردرێن. ئەو حیزب و رێکخراوانەی ئەوەیان تێدا بەدی ناکرێ کە لە رێگای دیالۆگەوە بەو قەناعەتە بگەن کە لە ژێر سێبەری بەرەیەکی خاوەن ئۆتۆریتەی ناوچەیی بە رێبەرایەتییەکی ئەنجومەنی کوردستانی، دەتوانن وەك ئالتێرناتیڤێك لە داهاتووی رووخانی کۆماری ئیسلامیدا هەلەکان بقۆزنەوە، تا جارێکیتر مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان لە نێو بازنەی نشست و هەرەس دا بە دەوری خۆیدا نەخولێتەوە.

**کێشەی ئیدیۆلۆژی:** بە داخەوە کورد زۆرکات لە سەر بنەمای ئیدیۆلۆژی ولایەنی سۆزدارانەی ئیدیولۆگەوە سیاسەتی داڕشتووە و زۆر لە ژێر شکاریگەریی فاکتەری ئیدیۆلۆژی بە تایبەت سۆسیالیزم دا بووە. لە راستی دا ئەو کێشەیە، نەهامەتییەکیتری نەتەوەی کورد بووە کە لە مێژووی تێکۆشانیدا تووشی هاتووە بۆ نموونە لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران(واتە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی.) و لە گەرمەی شەڕی سارد لە نێوان دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دا بینیمان کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ هێندێك رێکخراوە و سازمانی کۆمۆنیستی وەك بەشێك لە "فیدائیان"، "پیکار"، "راه کارگر"، "مبارزان کمونیست"، هەند ناسراو بە جەریاناتی کۆمۆنیستی رادیکارلی هێڵی ٣، نەتەنیا هەنگاویان بۆ دامەزراندنی بەرە هەڵنەگرێت، بەڵکوو لەوەش پتر سنووریان بەزاندو لەگەڵ ئەو سازمانانە چوونە نێو چوارچێوەیەکی نوێ و تازە دامەزراو بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە حاڵێکدا هەر ئەو دەمە دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش لە نێوان حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت ( کۆمەڵە و دێموکرات ) دەیتوانی پێشگیری لەزۆربەی کێشەکان و رووداوە تاڵ و دڵتەزێنەکانی ئەو سەردەمە کردبا. بەداخەوە ئێمە وەکوو کورد هەموو کاتێك خاك و وڵات و مافی نەتەوەیی‌مان کردۆتە قوربانی ئیدیۆلۆژیی دوگمی چەقبەستوو و هاوردەیی دەرەکی و...!

بێگانەیی شوناس و بەرهەم هاتنی گوتارێکی دووالیستی لە نێو حیزبە کوردستانییەکاندا و سازکردنی کەسایەتییەکی دوو لایەنەی پێشمەرگە ـ پەنابەر لە کوردێکی رۆژهەڵاتیی ئەندامی ئەو حیزبانە لە ژیانی تاراوگە و جگە لەمانە و هەروەها سازکردنی ئەو دوو فاقییە لە نێوان کورد بوون و ئێرانی بوون دا ئاکامێکی نەرێنی کەوتۆتەوە.

هێندێك هێزی کوردستانی بوونیان هەیە کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین لە گەڵ حیزبەکانیتری رۆژهەڵاتی کوردستان دانوستان و وتووێژ پێك بێنن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کردەوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، کە لە بیر و هزری ئێرانچییەتی ئەو رێکخراوانەوە سەرچاوە دەگرێ لە گەڵ هێزە شۆڤینیستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی بان دەست دادەنیشن کە بە درێژایی مێژوو حاشایان لە بوون و مافی نەتەوەیەك بە ناوی کورد کردوە. لە حاڵێکدا با بزانن کە ئەم بۆچوونە کۆنسێرڤات و شۆرشگێرانەیە لە ماوەیەکی زەمەنیی درێژخایەندا، دەبێتە هۆی پاسیڤ بوونی ئەو حیزبانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا.

نەبوونی هاوئاهەنگیی ستراتیژیك لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆتە هۆی ئەوەیکە حیزبە سیاسی کوردستانییەکانی رۆژهەڵات پاش پتر لە ٦ دەیە خەباتی سیاسی و چەکداری لە چوارچێوەی حیزبی سیاسیدا بە دژی حکوومەتە ناوەندییەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران نەیانتوانیوە لە سەر ئامانجێکی ستراتیژیکی هاوبەش رێککەون. لە راستی دا بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردستان هەموو کات تووشی ئەو گرفتە بووە کە لە ئاستی دیپلۆماسییەوە بە شێوازێکی لاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵ لایەنی دژبەری کردوە ئێمە وەکوو کورد زۆر جار بە شەرمەوە باسی مافی چارەنووسی خۆمان کردوە و هەموو کات بە لانیکەمی ئەو مافە وەکوو خودموختاری یا فیدراڵی رازی بووین، یا زۆر جار بووە کە تەنانەت لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکان ئەو کێشەیە هەبووە کە وەکو کورد چمان دەوێ؟ بە لە حاڵێکدا کە دەبینن رۆژبەرۆژ دوژمنانی نەتەوەکەمان یەکگرتووتر و نزیکتر لە یەك لە تاران و ئانکاراو شام و بەغدا، دژ بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کورد پەیمانی وەك، ئەلجەزایرو سەعدئاباد مۆردەکەن؟ بەڵام بە داخەوە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئەو وڵاتانە لە کوردستانی کۆلۆنی دا رۆژبەرۆژ پەرتەوازەتر و شێواوتر لە پێشوو دەورانی قەیران و پاسیڤ بوونی خۆیان تێدەپەڕنن. (ئەو باسە لەوانەیە بزووتنەوەی چەکداری و مەدەنی کوردستانی باکوور نەگرێتەوە.)

## پەیڤ

# پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزاوتەکانی نێوخۆ

مادێح ئەحمەدی madehahmadi@gmail.com

پارەتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی وڵات دەکەن، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەم پارتانە کاریگەرییەکی ئەتۆیان نەبووە لەسەر رووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ناوخۆی رۆژهەڵاتی وڵات و ئەو بزاوتانەی کە لە گۆڕەپانی سەرەکیی خەباتەکەدا چالاکن.

بێگومان دەکرێ ئەمە لە چەند رەهەندەوە تاوتوێ بکرێ و خەسارەکانی دەستنیشان بکرێن. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر هۆکارەکانی ئەم لاوازییە:

١ـ پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کەوتن بەسەر بارودۆخێکی قەیراناوییدا کە ئامادەییەکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ کۆنترۆڵی دۆخەکەو گواستنەوەی ناوەندی قەیران بۆ ناوچە هەستیارەکانی ئێران. ئەمەش لە بێ پڕۆژەیی و... سەرچاوەی دەگرت.

٢ـ لە لایەکی دیکەشەوە تاك رەهەندیی خەباتی رزگاریی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هۆکارێکی دیکەی لاوازی و ناکاریگەر بوونی پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتە لەسەر رووداوەکانی نێوخۆو ئەو بزاوتانەی کە لەوێ چالاکن. بەو مانایە کە بە شێوەیەکی پلانمەند هەوڵ نەدراوە کە گرنگی بە لایەنەکانی تری خەبات وەك خەباتی میدیایی، دیپلۆماسی و پێشخستنی خەباتی سیڤیل و نیمچە لێگاڵ لە نێوخۆ بدرێ.

٣ـ تاك رەهەندیی خەباتی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵات پاش ئەوەی کە لەسەرەتای حەفتاکانەوە کە بەرەبەرە خەباتی چەکداری بەرەو کزی چوو کارەساتی لێکەوتەوەو بووە هۆی دروست بوونی بۆشاییەکی قووڵی سیاسی کە تا ئێستاش دووکەڵەکەی بە چاوماندا دەچێ.

٤ـ دەوڵەمەند نەبوونی گوتاری سیاسیی کورد لە رۆژهەڵات یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی هێزو لایەنە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر رووداوەکانی نێوخۆ نەبێ و هیچ رۆڵێکیان لە بەهێزتر کردنی بزاوتە نێوخۆییەکان دا نەبێ. بۆ وێنە ئەگەر چاو لە دیسکۆرسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵات دەکەی دەبینی لەوێ بنەماکانی بەهێزترەو رادیکاڵترە، بەڵام ئەم دیسکۆرسە لە نێو پارتەکاندا بەرەو کزی چووەو تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دەست داوەو نەیتوانیوە پێشەنگ بێ.

٥ـ هەروەك دەزانین پێکهاتەی حیزبەکانی رۆژهەڵات بەرهەمی شەڕی ساردەو ئێستاش هەر لە ژێر کاریگەریی ئەو کەش و هەوایە دایەو جۆرێك لە سانترالیزمی دێموکراتیك هەر لە حیزبەکاندا زاڵە. لەم رووەوە پارتەکان نەیانتوانیوە لە تاراوگە رێفورم لە خۆیاندا پێك بێنن و خوێندنەوەیەکی نوێ لە خۆیان، کۆمەڵگا، بزووتنەوەو... بکەن. بۆیە ئەگەر ئێستاش چاو لە هەڵسەنگاندن و تێفکرینەکانی رێبەرایەتیی کلاسیکی ئەم پارتانە دەکەی جۆرێك وا هەست دەکەی کە هێشتا وەك ٢٨ ساڵ لەوەپێش سەیری کۆمەڵگا دەکەن.

لەم رووەوەیە کە دەکرێ بڵێین پارتەکان بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەریەکی باشیان لەسەر رووداو بزاوتەکانی نێوخۆ هەبێ پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێیان بەرامبەر بە کۆمەڵگا، بزووتنەوە، حیزبایەتی و سیاسەت هەبێ. بۆیە دەبێ لە پێکهاتە و گوتارو رێکخستن و ...دا، رێفۆرم پێك بێنن و ئەمەش بە تاك رەهەند بوونی خەبات مسۆگەر نابێ.

دوکتور رەفیق سابیر:

# هەستی ناسیۆنالیستی یا هۆشیاریی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیسم بە گشتی لە ناو کورددا لە پرۆسسی بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەر و لە ئەنجامی ستەمی داگیرکەردا دەرکەوتووە

دیمانە: هیدایەت جان

**بە بڕوای زۆرێك لە خاوەنڕایانی بواری ناسیونالیزم، ناسیونالیزمی کوردی هەنووکە گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی قووڵە و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لە سەر دۆخی سیاسیی کوردو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد داناوە. بۆ دوان لەم بابەتەو خستنە رووی لایەنەکانی چەند پرسیارمان رووبەڕووی بەڕێز دوکتور رەفیق سابیر کردوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

**گرفتەکانی ئێستای ناسیۆنالیزمی کوردی لە باشووری کوردستان:**

دوکتور رەفیق سابیر لە وڵامی یەکەم پرسیاردا کە گرفتەکان و خاڵە لاوازەکانی ئێستای بزووتنەوەی نەتەوەیی کامانەن بەم شێوەیە وڵامی دایەوە: لە راستیدا هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی نەتەوەیی و ناسیونالیزم بە گشتی بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویین کە لە سەردەمێکدا نەتەوەیەك هۆشیاری لە بارەی خۆیەوە، لە بارەی زمان و مێژوو و کلتوورەکەیەوە پەیدا دەکات و دەگاتە قۆناخی خۆناسین لەو کاتەدا هۆشیاری نەتەوەیی دەبێتە ئەو فاکتەرەی کە ئەندامانی نەتەوەکە لە یەکتر نیزیکتر دەکاتەوە، پێکەوەیان دەبەستێتەوە، گیان و هەستی هاوئامانجی و هاوبەرژەوەندی و هاوچارەنووسییان لا دروست دەکات و سەرئەنجام بەشێکی بەئاگا هەوڵ دەدات خۆی چارەنووسی خۆی و نەتەوەکەی بگرێتە ئەستۆ ئەگەر لە ژێردەستی داگیرکەری بێگانەدا بێت خەبات بکات بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی و خۆرزگارکردن . هەستی ناسیۆنالیستی یا هۆشیاریی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیسم بەگشتی لە ناو کورددا لە پرۆسسی بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەر و لە ئەنجامی ستەمی داگیرکەردا دەرکەوتووە بە واتایەکی دیکە بۆ خۆی بەرهەمی ئەو ناکۆکییە بووە کە لە نێوان نەتەوەیەکی سەردەست و داگیرکەری بێگانە و نەتەوەیەکی بندەست و وڵات داگیر کراودا دروست بووە. ئەو ناکۆکییە بۆ خۆی ریگای لە هەر جۆرە پێشکەوتنێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووری گرتووە و سەرئەنجامی پرۆسسی پێشکەوتنی نەتەوەیی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووریی ئەوە دەخوازێ کە ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکرێت. بە واتایەکی تر نەتەوەی کورد خۆی چارەنووسی سیاسیی خۆی بگرێتە دەست. لە هەموو ئەو سەردەمانە و لەو شوێنانەی کە ستەمی نەتەوەیی زۆر بووە، کێشەی نێوان کورد و داگیرکەران زیاد بووە لەو سەردەمانەدا هەستی یەکبوونی نەتەوەیی بەهێزتر بووە، ناسیۆنالیسم و هۆشیاریی نەتەوەیی بەهێزتر بوون و خەڵکی کورد بە گشتی لە بەرامبەر داگیرکەری بێگانەدا گیانی خۆپاراستنی لە لا بەهێزتر بووە. ئەو خۆ پاراستنە لە داگیرکەر بەرەو ئەوەی بردوە کە داکۆکی لە مافی خۆی بکات و خۆی لەم ستەمە رزگار بکات و یان کەمی بکاتەوە.

ئێمە لە دوای راپەرینەوە بە تایبەت لە دوای رووخانی بەعس وا هەست دەکەین کە کێشەی نێوان کۆمەڵی کوردستان و عێراق بەرەو لاواز بوون چووە، لە سەردەمێکدا کوردبوون لە بەرامبەر عەرەببوون بە جۆریك کاڵ بۆوە کە ئەو کورد بوونە بۆ خۆی یان ئەو کێشەیە کە لە نێوان کۆمەڵی کوردستان و دەوڵەتی عێراق بووە بە کێشەی ناوخۆیی نێوان حیزبەکان. بەواتای دیکە پارتی بوون و یەکیەتی بوون جێگای کوردبوونی گرتەوە. مرۆڤی کورد لە بری ئەوەی کە لە سەردەمی ژێردەستی بەعسدا خۆی پێناسەی نەتەوەیی خۆی یان ئایدێنتیتیی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراقدا، لە کوردبووندا دۆزییەوە. لەگەڵ لاوازبوونی کێشەی نێوان عێراق و کوردستان لە سایەی ئەو ئازادی و حکومەتەی کە دروست کرا ئەو کێشەیە گۆڕا. پێناسەی ئایدێنتیتیی نەتەوەیی لەت بوو، لەسەر بنچینەی حیزبایەتی و دوای رووخانی بەعس ئەمڕۆ کۆمەڵی کوردستان وا دێتە بەرچاو وەك ئەوەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەمابێت، وەك ئەوەی کورد سەربەخۆ بووبێت و مەترسیی ئەوەی لە سەر نەمابێت کە جارێکی تر بکەوێتەوە بن ستەمی عەرەب. ئەوە بۆ خۆی وەهمێکە، خەیاڵێکە کە ئێمە تیایدا دەژین. ئێمە هێشتا کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چارەسەر نەکراوە. ئێمە هێشتا گرفتی خۆمان کە گرفتی خاك و پێناسەی نەتەوەیی و زمانە، لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا وەك خۆی ماوەتەوە. بە بۆچوونی من لە بەر ئەوەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا کەمتەرخەمییەکی سیاسیی زۆر هەیە لە مەڕ ئەم مەسەلەیە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەست ناکرێت کە بەرنامەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی داڕێژراو هەبێت بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی و ئینتیمای نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کوردستاندا، بە تایبەتی گەنجان، بەهێز بکات. سەرئەنجام کۆمەڵی کوردستان خەریکە کێشەی سەرەکیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە بیر دەچێتەوە و ئیتر رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆ دەکرێتەوە، کە کەم تا زۆر، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، کار لە لاوازبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی و بەرپرسیاریی نەتەوەیی دەکەن .

**رووخانی کۆماری کوردستان و شکستی ناسیۆنالیزمی کورد:**

دوکتور رەفیق سابیر لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی لە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستانەوە ناسیۆنالیزمی کوردی کەوتۆتە



دۆخێکی بەرگریکارانەو لە هێندێك حاڵەتدا بە مافی کولتوورییش رازی بووە گوتی: خەباتی ناسیۆنالیزمی کورد لە دوای دابەشکردنی کوردستانەوە تا پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مهابادا خەباتی رزگاریخوازی بووە و لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا بووە. بەڵام دواتر بەهۆی شکستی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بە هۆی لاوازیی ناسیۆنالیزمی کورد، وردە وەردە خەباتی ناسیۆنالیستیی کورد گۆڕانی بە سەردا هات. بە واتایەکی تر ناسیۆنالیزمی کورد خۆی لە دۆخێکدا دۆزییەوە کە بە سەر چوار وڵاتی داگیرکراودا دابەش کرا و مەحکومی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرکام لەم وڵاتانە بوو. ئیتر وردە وردە بە ناچاری خۆی لەگەڵ ئەو واقعە داسەپاوەدا گونجاند. خەباتی رزگاریخوازی گۆڕا بە خەبات لە پێناو هەندێك مافی کولتووری و ئیداری و سیاسی لە هەر بەشێك لەو بەشانەی کوردستاندا، لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا ئەوەی قەبوڵ کرد کە ئەو بەشێکە لە عێراق و خەباتی ئەو بەشێکە لە خەباتی رزگاری خوازی گەلانی عێراق یان ئێران یان تورکیا یان سوریا. ئەمە لە جەوهەری خۆیدا گۆڕانکارییەکی فیکری و ئایدیۆلۆژیی گەورەی لە ناو بزاڤی ناسیۆنالیستیی کوردیدا دروست کرد. کاتێك ئەو واقعەی قەبوڵ کرد و هەوڵی دا خۆی لە ناو چوارچێوەی ئەو هەلومەرجە نوێیەدا لە سنووری ئەو وڵاتانەدا بگونجێنێت و بە شێوەیەکی دابڕاو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کار بکات، ئەمە بۆ خۆی رەنگدانەوەی لە بیرکردنەوەی خەڵکی کورددا و لە کولتووری سیاسییشدا دەبێت و سەرئەنجام فیکری عێراقچێتی و ئێرانچێتی و تورکیاچێتی جێگای فیکری کوردستانی و سەربەخۆخوازی گرتۆتەوە. لە بەر ئەوە ئێمە دەبینین بزاڤی ناسیۆنالیستی دوای ئەو تێکشکانە و دوای ئەو لەت لەت بوونە، هەمیشە لە حاڵەتی داکۆکی کردن لە خۆیدا بووە و لە حاڵەتێکدا بووە کە بە کەمترین شت، بە پاراستنی زمان و کلتوورەکەی و هەندێك دەسکەوتی بچوك رازی بووە.

سەرئەنجام ئێمە دەبینینن لای زۆرینەی خەڵك عێراقی بوون و تورکیایی بوون و ئێرانی بوون وەك چارەنووسی حەتمی لێ هاتووە کە ئێمە بە گشتی دەتوانین بڵێین بەرهەمی شکستی ناسیۆنالیزمی کوردە.

**کاریگەریی ئایدۆلۆژیی چەپ لەسەر بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد:**

سەبارەت بە کاریگەریی ئایدۆلۆژیی چەپ لە سەر بزاڤی ناسیۆنالیستیی کورد لەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە: ناوبراو پێی وایە ئەم ئایدۆلۆژییە کوردی بەرەو عێراقچێتی و ئێرانچێتی بردووە. ئەو لە درێژەدا گوتی: یەکێك لە گرینگترین ئەو فاکتەرە سیاسی و ئایدیۆلۆژیانەی کە بوو بە هۆی ئەوەی بیری عێراقچێتی و ئێرانچێتی بە سەر کۆمەڵی کوردستاندا بسەپێندرێت ئەو تێزە فیکری و بۆچوونە فیکریە بووە کە چەپەکانیش دەورێکی زۆریان هەبوو لەم فکرەدا. تا کودەتای ١٩٥٨ عێراق بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر دەستی کۆلۆنالیزمی بریتانیادا بوو بە پێی ئەو تێزە کە دەیگوت گەلانی عێراق هەر هەموویان لە ژێر دەستی داگیرکەر دان، خەبات کردن بۆ رزگار کردن لە کۆلۆنالیزمی بریتانی بۆ خۆی چارەسەری گرفتەکانی عێراق دەکات و گەلانی عێراق بە ئازادی دەگەن. بەڵام دوای کودەتای تەموزی ١٩٥٨ ئێمە بینیمان کە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست و بۆ کورد هیچ گۆڕانی نەتەوایەتی رووی نەدا. بە پێچەوانەوە کێشەی گەلی عێراق لە کۆلۆنیالیزمی بریتانی چارەسەر کرا، گرفتی عێراق و کۆمەڵی عەرەبی عێراق بوو بە مەسەلەی دیموکراسی و خەبات بۆ دیموکراسی. بەڵام کێشەی کورد هەر وەك خۆی مایەوە، بۆ کورد تەنها جۆری جەللادەکەی گۆڕا، جاران بریتانییەکان ستەمیان بەرامبەر کورد دەکرد، بەڵام دوای کودتای تەموز ناسیۆنالیسمی عەرب سەد ئەوەندەی کۆلۆنالیزمی بریتانی ستەمکارانەتر لەگەڵ کورد رەفتاری دەکرد. بە واتایەکی تر ئەوان جێگای کۆلۆنالیزمی بریتانییان گرتەوە. هەر لەبەر ئەوە ئەم بۆچوونە لە خورافات زیاتر نەبوو. لە کاتێکدا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆرافەی ئێرانیبوون سەری هەڵ دابوو، کە لە ناوەرۆکدا دەرکەوت جگە لە فارسبوون و زاڵ بوونی زمان و کولتووری فارس شتێکی تر نیە. ئێران وەك عێراق دەوڵەتێك نەبوو کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دروست کرابێت، ئێران پاشماوەیەکی ئیمپراتوریایی بوو کە رۆژێك لە رۆژان پەلی تا قەفقاز هاویشتبوو، بەڵام لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەمەندەی لێ مابۆوە کە ئێستا دەیبینین. لەوێ فیکری ئێرانیبوون و ئاریایی بوون هەم دەوڵەتی ئێران برەوی پێ دەدا و هەمیش چەپی ئێرانی، کە ببوونە ئایدۆلۆژیستی ئەو بیرۆکەیە. بەڵام راستییەکەی ئەمڕۆ دەبینین لە ئێران جگە لە فارس و کولتووری فارس و دەسەڵاتی فارسی شتێکی دیکە نیە. بۆیە ئەمانە بە نۆبەی خۆیان فاکتەرێکی گرنگ بوون. بۆ ئەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کورد لاواز بکەن، لە بری ئەوەی خەڵکی کورد خۆی بە کوردستانی بزانێت، خۆی بە عێراقی و ئێرانی دەزانێ و لە بری ئەوەی خەبات بۆ ئازادیی کوردستان و نەتەوەکەی بکات و هەوڵی دا لە چوارچێوەی بەرنامە و ستراتیژی هێزەکانی نەتەوەی سەردەست خەبات بکات بەو هیوایەی کە رۆژانێك دیموکراسی بێت بۆ ئەو وڵاتانە و کوردیش مافی نەتەوەیی خۆی لە سایەی ئەو دیموکراسییەدا وەربگرێت. بەڵام لە حەقیقەتدا ئەزمونی ئێمە لەگەڵ ئەوانە دەریخست کە نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی ژێردەست دوو بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە و دوو ئامانجانی جیاوازیان هەیە و دوو گرفتی جیاوازیشیان هەیە. ئەوەی لە ئێراندا بە قازانجی فارس و لە عێراق و تورکیا لە قازانی تورك و عەرەبە مەرج نییە بە هەمان شێوە بە قازانجی کوردیش بێت لە بەر ئەوە کە ئێمە لە قۆناخێك داین کە پێی دەگوترێ قۆناخی رزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانی. گرفتی ئێمە لە بنەڕەتدا گرفتی خاك و زمان و پێناسەی نەتەوەییە. لە کاتێکدا فارس و عەرەب و تورك زۆر لە مێژە ئەو گرفتەیان چارەسەر بووە، ئەوان خاوەن وڵاتی خۆیانن، خاوەن پێناسەو زمان و خاکی خۆیانن. لە بەر ئەوە ئەوکات بیر لەوە نەدەکرایەوە یان، ئاستی هۆشیاریی سیاسی لای ناسیۆنالیسمی کورد نەگەیشتبووە ئەو رادەیە کە دەرك بەوە بکات کە ئێمە دوو نەتەوەی جیاوازین خاوەن دوو چارەنووس و بەرژەوەندیی جیاوازین.

**لە باشووری کوردستان ستراتیژیی نەتەوەیی نیە**

دوکتور رەفیق سابیر وێڕای رەخنە گرتن لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پێی وایە سەبارەت بە دانانی ستراتیژییەکی نەتەوەیی کەمتەرخەمیی گەورە کراوە: بە ڕای من ئێمە لە باشووری کوردستاندا تا ئێستا ستراتیژییەکی

**کۆمەڵی کوردستان خەریکە کێشەی سەرەکیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە بیر دەچێتەوە و ئیتر رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆ دەکرێتەوە، کە کەم تا زۆر، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کار لە لاوازبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی و بەرپرسیاریی نەتەوەیی دەکەن .**

نەتەوەیی روونمان نیە کە بزانین ئێمە چیمان دەوێ. کەمتەرخەمییەکی گشتی هەیە کە لە ناو دەسەڵات و کۆمەڵ و رووناکبیراندا سەبارەت بە چارەنوسی خۆمان و سەبارەت بەوەی کە بە راستی بەرەو کوێ دەڕۆین و دەبێ بەرەو کوێ بڕۆین. ئەگەر سەرنج بدەین، تەنها لە سەر ئاستی کتێبخانەی نەتەوەیی ئەوە نابینین. ئەوە تەنها نمونەیەکە دەتوانێ پیشانی بدات کە لە بوارەکانی دیکەش ئەو کەمتەرخەمییە هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین وەك نەتەوەیەکی جیا لە باشووری کوردستاندا درێژە بە پێشکەوتنی خۆمان بدەین پێش هەموو شتێك دەبێ ئێمە بەرچاومان روون بێت و بزانین ئێمە چیمان دەوێت، تەنانەت ئەگەر ئێمە ئێستا دەرفەتی سەربەخۆ بوون و جیابوونەوەشمان لە عێراق نەبێت، دەبێ وەك نەتەوەیەك سەرلەنوێ ژیانی ئابووریی خۆمان، ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی خۆمان دابڕێژینەوە و بۆ ئەوەی ئەو کارەش بکەین پێویستە گۆڕانێکی گرینگ لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خۆماندا بکەین. لە پێش هەموویاندا لە بواری پەروەردە و سیستەمی خۆیندندا، دوای ئەوە بۆ خوێندنی زانکۆ و پاشان بواری ئابووری بە گشتی هەموو لایەنەکانی تر. ئێمە وەك لە حاڵەتێکی چاوەڕوانیدا بین توانا و ئیرادەی سیاسیی ئەوەمان نیە کە دەست بە گۆڕان بکەین، وەك ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەستێك بین کە لە غەیبەوە کارەکانمان بۆ بکات، یان چاوەڕوانی ئەوە بین کە عێراق چیمان بۆ دەکات. تۆ ناتوانی بە بێ ئەوەی بنەمایەکی ئابووریی بەهێزت هەبێت، بێ ئەوەی ئابوورییەکی بەرهەم هێنەرت هەبێ، بێ ئەوەی سیستەمێکی پەروەردەی مۆدێرنت هەبێت، بە بێ کۆمەڵێك مەسەلەی تری لەو بابەتانە، ناتوانی داهاتووت هەبێت. لە بەر ئەوە من پێم وایە کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە لە لای ئێمە لە باشووری کوردستان و هەندێك جار مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی دەکات: ئایا بە راستی ئەم وڵاتە خاوەنێکی هەیە؟

# چۆن بڕوانینە پارلمانێك كە یاسای فرەژنی پەسند دەكاتەوە؟!

## فرەژنی سووكایەتی و بێ ڕێزییەكی ئاشكرایە بە كەسایەتی ژن دەكرێ

كوێستان فتووحی



لەم ڕۆژانەدا دانیشتنی پارلمانی كوردستان بۆهەموار كردنی یاسای باری كەسێتی بوو، واتە قسە لەسەر هێشتنەوەی فرەژنی یان لابردنی لە یاساكەدا بوو. بیرم لەوە دەكردەوە بڵێی ئەندامانی پارلمانی كوردستان بڕیار بۆ هێشتنەوەی ئەم خاڵە بدەن؟ دەمگوت هەلێكی باشە بۆ پارلمان‌و حكوومەتی كوردستان كە بە دنیا ڕابگەیەنێ كە ئێمە ڕاستگۆین كە دەڵێین ئێمە عەداڵەتخوازین، دادپەروەرین، ڕێز لە مافەكانی مرۆڤ دەگرین. كاتی ئەوەیە كە بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بڵێین ئێمە نوێنەرانی ڕاستەقینەی هەمووتانین بەبێ جیاوازی. ئێمە هەر دروشمی بریقەدار نادەین، ئەوە نیە بەكردەوەش كار بۆ ئەو بەهایانە دەكەین كە ڕۆژانە گوێی دنیاشمان لێ پڕكردوە! ئێمە هەر لافی كۆمەڵگەی مەدەنی لێنادەین، ئەوە نیە لە یاسا پەسندكراوەكانیشماندا ژن‌و پیاو مافی وەك یەكیان هەیە! خۆ هیچ نەبێ بیرێك لە ئارامی دەروونیی نەوەكانی داهاتووی كوردستان دەكەنەوە. ئاخر زۆر لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەزموونی فرەژنییان تاقی كردۆتەوە، یان خۆیان شاهیدی كەسانی نزیك و دۆست و ئاشنایانی خۆیان بوون كە ژنی دووهەمیان هێناوە. درۆیە ئەگەر بڵێین ئەو بنەماڵانەی فرەژنییان تاقی كردۆتەوە، ئەندامەكانی ئەمنییەت‌و ئارامیی ڕووحییان هەیە.

كوردستان مەكۆی ئازادیخوازی‌و ئەزموونی تاقیكردنەوەی دیموكراسی‌و كۆمەڵگەی مەدەنییە! خۆ وڵاتێكی وەك ئێرانی كۆماری ئیسلامی نیە، هەرچەند لە ئێرانی كۆماری ئیسلامییشدا كە حكوومەتێكی ئیسلامی‌و دژی ژن حوكم دەكا، فرەژنی سنوورێكی بۆ دیاری كراوە، لەوان ئەو چاوەڕوانییە ناكرێ كە فرەژنی قەدەغە بكەن. بەڵام لە حكوومەت و دەسەڵاتێك كە زیاتر لە ١٧ ساڵە باسی مەدەنییەت‌و دیموكراسیخوازی دەكا، چاوەڕوانی شتی نوێ و ئینسانی لێدەكرێ.

بەداخەوە بەپێچەوانەی بیركردنەوەكانی من‌و كەسانی وەك من، ڕۆژی ٢٧/١٠/٢٠٠٨ بڕیار درا بۆ هێشتنەوەی فرەژنی "سنووردار".

هێندێك لە ئەندام پارلمانەكان (ژن)و چالاكانی مافەكانی ژنان‌و ڕێكخراوەكانیان هەوڵێكی زۆریان دا بۆ لابردنی فرەژنی لە یاساكەدا ، بەڵام بەداخەوە سەر نەكەوتن. سەرەڕای ئەم شكستەش هێندێك هاتن لە ڕاگەیەنەكانی كوردستانەوە بەسەر ئەو سنوورو مەرجانەیان هەڵگوت كە بۆ مەسەلەی فرەژنی دانراون. وتیان مەرج‌و سنوورێك دانراوە كە پیاوان نەتوانن بە ئاسانی بیبەزێنن! ئەمەیان بە دەسكەوتێك! بۆ ژنان زانی. هێشتنەوە فرەژنی تەنانەت بە مەرجەكانیشیەوە نەك بۆ شانازی كردن نابێ، بەڵكوو بە خاڵێكی ڕەشی تەمەنی ئەو پارلمانە تۆمار دەكرێ.

چ دەسكەوتێك‌و چ سنوورێك هەیە كە پیاوانی دەست ڕۆیشتوو و خێڵ و عەشیرەكان لەم كوردستانە نەیبەزێنن؟ چی لەوە ڕوونتر، ئەی سنوور دانەنرا بۆ بكوژانی ژنان لەسەر مەسەلەی "شەرەفپارێزی"؟ بەڵام ئایا كۆتایی بە ژن كوشتن یان كەمكردنەوەی توندوتیژی لەسەر ئەو مەسەلەیە هات ؟ هەر دوای بڕیارەكە نەبوو لە حەشارگە ئەمنەكەی ژنانیش دا هێرش كرایە سەر ژنی بێچارە كە لەترسی كوشتن پەنای بۆ بنكەیەكی بە ناو ئەمن بردبوو؟ با لە كای كۆن بە باكردن گەڕێین. بێینە سەر ئەو دەسكەوتە! تازەیەی پارلمانی كوردستان بۆ ژنانی بەدیاری هێناوە. چەند مەرجێك دانراوە، یەكێك لە مەرجەكان ئەوەیە كە ژنی یەكەم ڕازی بێت بەوەی كە هاوسەرەكەی ژنی دووهەم بێنێت، مەرجێكی دیكە ئەوەیە كە لە باری داراییەوە پیاوەكە وەزعی باش بێت، یان ژنی یەكەمی نەخۆشییەكی چارەسەرنەكراوی هەبێ وەك نەزۆكی و.... ئەوجار قازی مارەی ژنی دووهەم ببڕێ! ئایا ئەو مەرجانە زۆر سەختن بۆ پیاوان؟ بێگومان زۆر ئاسانن بۆ تێپەڕین بەسەریاندا. لەبەر ئەوەی ئەگەر ژنی یەكەم ڕازییش نەبێ هەڕەشەیەكی ماڵ لێشێوانی لێبكرێ خێرا قبووڵی دەكا، چونكە ژنان باش دەزانن لە كوردستان ژنێك كە تەڵاق دەدرێ تووشی چها كارەسات دەبێتەوە. ــ تەنانەت ئەگەر لە عەقدی زەواجیشدا بنووسرێ - ژن كەم وا هەیە لە كاتی هەرە ناخۆشییشدا كە هاوسەرەكەی ژنی بەسەری دێنێ، تەڵاق هەڵ بژێرێ بە تایبەتی كە منداڵی هەبێ. ئەو دوو مەرجەی سەرەوە لەو مەرجانەن كە بە لەبەرچاوگرتنی باری وشیاریی كۆمەڵگەو زاڵبوونی ڕەگەزی نێرینە و ئابووری بەشێكی زۆری خەڵكی كوردستان، زۆر بە ئاسانی پیاوان دەتوانن لێی دەرباز بن.

فرەژنی هەر لە بنەڕەت ڕا نابەرابەرییەو ناشایست‌و نائینسانییە. ئەگەر باشە مەرجێكی ناوێ بۆ پێشگرتنی. ئەگەریش خراپە بۆ لە یاسادا دەیهێڵنەوە؟ فرەژنی سووكایەتی و بێ ڕێزییەكی ئاشكرایە بە كەسایەتی ژن دەكرێ. خۆزگە هەموو ئەو ژنانەی كە هاوسەرەكانیان بە بوونی ئەوانیش هاوسەرێتی دیكە دروست دەكەن هەستیان بەو سووكایەتییە بكردایە كە نە بە پووڵ و پارە، نە بەماڵ و زەوی و نە بە زێر ناسەنرێتەوە. ئەو ژنانەش كە لە قووڵایی ئازار و سووكایەتییەكە دەگەن بە هۆی كۆمەڵێك گیر و گرفتی دیكە زۆر جار ناچار دەبن مل بۆ ئەو سووكایەتییە ڕاكێشن كە هاوسەرە نا وەفادارەكەیان بەرامبەریان دەكات، هەر بۆیە لەناكاو باری دەروونییان دەشێوێ و ڕفتاری توند لە خۆیان نیشان دەدەن. هەموو وجوودیان دەبێتە ڕقو تووڕەیی زۆرجار ئەم ڕقوتووڕەییە بەسەر منداڵەكانی خۆیاندا دەدەبڕن. هەر بۆیە منداڵانی ئەو بنەماڵانە كەسایەتییەكی توندوتیژ و بە دوور لە ئارامییان هەیە.

بنەماڵە وەك سیستمێكی حكوومەتی وایە، هەر جۆرە توندوتیژی‌و بێڕێزییەك بە مرۆڤەكان لەو سیستمەدا، كاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئەندامانی دیكە دەبێ.

ژنێك كە ساڵانێكە لەگەڵ بوون و نەبوون و ڕەنج و ئازار لەگەڵ هاوسەرەكەیدا سازراوە، زۆرجاری وا هەبووە بە هۆی خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەرەكەی، خۆشەویستی بنەماڵەكەی خۆشی لەدەست داوە، كوتوپڕ پیاو بێت و بڵێ دەمەوێ ژنێكی تر بخوازم! خۆتان لە جێی ئەو دانێن چ هەستێكتان دەبێ؟

هەموو ژنێك ڕەنگە بتوانێ هەستی ئەو ژنەی وای بەسەر دێ دەرك بكا، هەڵبەت نەك وەك خۆی، چونكە ئازاری برینێك هەر بریندار خۆی دەیزانێ. بەڵام پیاو ڕەنگە لەو بارەوە هەر هەست بەو ئازارە هەر نەكا و هەر لێشی تێنەگات، چونكە ئەو تەنیا بیر لە حەزە تێرنەبووەكانی خۆی دەكاتەوە. خۆزگە پیاوان پێچەوانەكەی بێننەبەر بیر و زەینی خۆیان. هەر بە بیركردنەوەش بێ بۆ ساتێكیش بیری لێبكەنەوە، خراپ لێم تێمەگەن وای دانێین ئەوە سوننەتێكی كۆمەڵگایە و ئیسلامییش قبووڵی كردوە كە هاوسەرەكەت بە بوونی تۆش هاوسەرێتییەكی دیكە دروست دەكا، لە دەروونتدا چی ڕوودەدا؟ كارەساتێك هەر مەپرسە.



# ڕۆژنە

## دوگماتیزمی ئایینی لە نیزامی پەروەردەیی ئێراندا

عەلی بداغی

لە ڕۆژمێری كۆماری ئیسلامی ئێراندا ١٣ی خەزەڵوەر وەك ڕۆژی قوتابی ناونراوە. لەم ڕۆژەدا و بەو بۆنەیەوە باس كردن لە قوتابییان و دۆخی ئێستایان لە چەند ڕووەوە گرینگ و جێی سەرنجە: یەكەم ئەوەی كە قوتابییانی ئێران لە ڕووی ژمارەوە حەشیمەتێكی ٢٢ میلیون كەسی لە خەڵكی ئەو وڵاتە پێك دێنن و كاریگەرییەكانی ئەو حەشیمەتە لە سەر ئاراستەكانی كۆمەڵگا دیار و شوێندانەر و گرینگن. دووهەم ئەوەی كە ئەو حەشیمەتە بیست و چەند ملیون كەسییە بۆ ئامانجێكی دیاریكراو و لە دۆخێكی تایبەتدا و لە چوارچێوەی نیزامێكی پەروەردەییدا بۆ بەدەستەوە گرتنی بەرپرسیارەتییەكان لە داهاتووی كۆمەڵگا دا ئامادە و پەروەردە دەكرێن. سێهەم بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی كە "نیوەی حەشیمەتی ئێران لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵانن" (١) و پێویستە نیاز و پێداویستییەكان و كێشەكانی ئەو گرووپە تەمەنییە لە لایەن پلانرێژانی گەشەی وڵاتەوە بخوێندرێنەوە و گرینگییان پێ بدرێ، كە نادرێ. پەروەردە لە هەموو سیستمە پەروەردەییەكانی كۆمەڵگاكان دا بریتییە لە پرۆسەیەك كە تێیدا زانست و بەها و نۆرم و بایەخەكانی كۆمەڵگا فێری وەچەی نوێی كۆمەڵگا دەكرێ و بە پشت بەستن بەو پەروەردەیە ڕێ بۆ دۆزینەوەی نەخش و كاریگەرییان لە كۆمەڵگا دا و گەیشتن بە ئامانجە تاكەكەسییەكانیان خۆش دەكرێ.

بەڵام لە سیستمی پەروەردەیی كۆماری ئیسلامیدا پەروەردەی ئیدیۆلۆژیكی لە سەر بنەمای نۆرم و بەها ئایینییەكان لە سەرووی پەروەردە لە سەر بنەمای زانستە سەردەمیانەكانەوەیە. ئەوەش سیستمی پەروەردەیی ئێرانی تووشی قەیرانێكی قووڵ كردۆتەوە، بە جۆرێك كە تەنانەت عەلیرەزا عێراقینیا، بریكاری گشتیی پەروەردە و فێر كردن لە تاران دەڵێ: بەو حاڵەوە چاتر وایە منداڵان چیدی نەچنە قوتابخانەكان، چونكە نەچوونیان باشترە و ئەو كتێبە دەرسییانە هیچ شتێكیان بۆ سەردەمی ئێستای منداڵان تێدا نیە و تا ئەو كاتەش پەروەردەی ئایینی ژێرخانی نیزامی پەروەردەیی ئێران بێ، گرفت و قەیرانەكان زیاتر لە جاران تووشی نیزامی پەروەردەیی وڵات دەبێتەوە. ئەمڕۆكە گرینگترین ئامانج بۆ كار بەدەستانی ڕێژیم لە هەمبەری پرسی پەروەردە لە ئێراندا ئەوەیە كە چۆن مێشكی منداڵان و مێرمنداڵان بشۆنەوە، چۆنیان دەستەمۆ بكەن، چۆنیان بەرێنوێنی و پرەنسیپە ئیدیۆلۆژییەكانیان پەروەردە بكەن تا لە كاتی پێویست دا وەك سوپایەكی شوێنكەوتووی گوێڕایەڵ لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندییەكانیان دا بەكاریان بێنن. ئەوان بە دامەزراندنی ڕێكخراوەكانی بە ناو "امر به معروف و نهی از منكر" و "امور تربیتی" و "بسیج دانش آموزی" و لە ڕێگەی شێوازەكانی هاندان، تۆقاندن و كەسایەتی پێدانی درۆیین و لە بەردەست دانانی ئیمكاناتی تایبەت بۆ قوتابیانی بەسیجی هەوڵی ڕاكێشانی منداڵان و مێرمنداڵان و بە كارهێنانی ئەوان لە پێناو ئامانجە سیاسی و نیزامییەكانی خۆیان دەدەن.

بانگەشەكانی شەهادەتخوازی، دژایەتیكردنی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئامریكا و ئیسرائیل، خراپ و نیگەتیڤ شیكردنەوەی چەمكەكانی دێموكراسیخوازی، ئازادیخوازی و لە مێشك ئاخنینی ئەفسانە دوور لە ڕاستییە ئایینییەكان و نیشاندانی نیزامی كۆماری ئیسلامی بە ئیرادەی خودا و ئەوەی كە ڕێبەرانی ڕێژیم و ویلایەتی فەقیه نوێنەرایەتیی ئیمامی زەمان دەكەن، لەو وانە سەرەكییانەن كە ئامانجدارانە هەر دەم پلانی نوێ نوێیان بۆ دادەڕێژرێ.

١٣ی خەزەڵوەر بە ڕۆژی قوتابییش دەرفەتێكە تا ڕێبەرانی ڕێژیم بەروبوومی پلان و پیلانەكانیان هەڵگرنەوە و نیشانی بدەن كە چەندە لەبەرەو پێشبردنی سیاسەتەكانیان دا سەركەتوو بوون. ئەوان لەو ڕۆژەدا و بە هێنانە سەر شەقامی قوتابییان و لە زارنانی و پێگوتنەوەی دروشمە تایبەتییەكانیان و بەستنی چاوی قوتابیان هەم كەڵكی پڕوپاگەندەیی لەو ئامادە بوونە زۆرەملییە وەردەگرن، هەمیش ئەو دەرفەتە لە ڕەخنەگران زەوت دەكەن تا لە ڕۆژی قوتابی دا خەسار ناسیی سیستمی پەروەردەیی لە ئێران و بارودۆخی قوتابیان لەو وڵاتە دا بكەن. بێگومان پەروەردە كردنی دۆگماتیكی كۆماری ئیسلامی دەرەنجامی زۆر خەراپی بۆ كۆمەڵگای ئێران لێ دەكەوێتەوە كە ئۆرگانیزە بوونی فەندەمنتالیزم، بارهێنانی وەچەیەكی شەڕەنگێز و توند و تیژ لە دەرەنجامە بەراییەكانی وەها سیاسەت و دۆگماتیزمی پەروەردەیی لە كۆمەڵگای ئێران دایە.

## رووداوی فەرهەنگی

# مێهرئەنگیز دەوڵەتشاهی کۆچی دوایی کرد

خانمی مێهرئەنگیز دەوڵەتشاهی، خوشکەزای سادقی هیدایەتو یەکەمین ژنێك کە لە ئێران بوو بە سەفیر، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەکی درێژماوە کۆچی دوایی کرد. مێهرئەنگیز دەوڵەتشاهی لە دایك بووی ١٢٩٦ شاری ئیسفەهانە. ناوبراو کە سەر بە بنەماڵەی قاجارەکانە بۆ خوێندنی دانشگایی چۆتە ئاڵمانو بڕوانامەی دوکتورای لە لقی زانستی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتە وەر گرتووە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ساڵەکانی ١٣٢٠، بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخراوەکانی ئەوکاتی ژنان دەکردو لە ساڵی ١٣٢٥ لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیو ئەنجومەنی پارێزگاری لە زیندانییان خەریکی تێکۆشان بوو. خانمی دەوڵەتشاهی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوێکی ناحوکمی ژنان بە ناوی "کۆمەڵەی ڕێگای نوێ" بوو کە دواتر ئەو ئەنجومەنە بوو بە ئەندامی (یەکیەتی نێونەتەویی ژنان). شایانی باسە کە ئەم ئەنجومەنە یەکەمین پێشانگای نێونەتەوەیی "تێکۆشانی" بە بەشداری سی وڵاتی ئاسیاییو ئورووپایی لە ئێراندا کردەوە.

خانمی دەوڵەتشاهی لە ساڵی ١٣٥٤ بوو بە سەفیرو چووە دانماركو تا کاتی شۆڕشی ٥٧ هەر لەو پۆستەدا مایەوە. دوای شۆڕش مێهرئەنگیز دەوڵەتشاهی چووە پاریسو لەوێ مایەوە. لە ماوەی سێ ساڵ مانەوەی لە پاریس "ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران"، یەکێك لە کۆنترینو بە ئێعتبارترین ئەنجومەنە فەرهەنگییەکانی ئێرانییەکانی دامەزراند.

مێهرئەنگیز دەوڵەتشاهی لە ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن "ناوەندی توێژینەوەکانی ژنان" وەك "خانمی هەڵبژێردراوی ساڵ" لە پاریس ڕێزی لێ گیرا. کتێبی "کۆمەڵگە، دەوڵەتو بزووتنەوەی ژنانی ئێران (١٣٨١)" یەکێك لە ئاخرین بەرهەمەکانی خانمی دەوڵەتشاهییە. ڕۆژی هەینی ٢٤ی ئۆکتوبری ٢٠٠٨ لە گۆڕستانی مونپارس بە خاك سپێردرا.

# ڕێوڕەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستا هێدی بەڕێوە چوو

بە هەوڵی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی دووشەمە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ ڕێوڕەسمێك بۆ ڕێزگرتن لە شاعیری ناوداری نەتەوەکەمان، مامۆستا هێدی لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم فێستیڤاڵە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بووو ژمارێکی بەرچاو لە کەسایەتییە ڕووناکبیری، سیاسیو ئەدەبییەکانی باشوورو خۆرهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون.

شایانی باسە کە وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەلەکەدین کاکەیی لە دەسپێکی ڕێوڕەسمەکەدا باسێکی لە سەر کەسایەتیو چالاکییە ئەدەبیو شۆڕشگێڕانەکانی مامۆستا هێدی پێشکەش بە بەشداربووان کردو بە چاوی ڕێزەوە لە ڕابردووی هێدی شاعیری ڕوانییەوە. هەروەها بە نیشانەی ڕێزگرتن لە هەوڵو چالاکییەکانی مامۆستا هێدی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، میدالیایەکی زێڕ لە لایەن نوێنەری کاك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستانەوە پێکەش بە هێدی شاعیر کرا. بەشەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوون لە خوێندنەوەی چەند وتارو پێشکەش کردنی چەند پارچە شێعری هێدی شاعیر.

# باخ لە کوتندا ( ١٧١٧ تا ١٧٢٣ )

و: تەها ڕەحیمی



باخ لە دەرباری کوتندا

بەرهەمەکانی باخ لە وایمار نیشان دەدەن کە حەزو خوازیارییەکانی گەشەیان ئەستاندوە و لە ژەنیارێکی ڕووتەوە بووە بە ئاوازدانەرێکی ڕاستەقینە. کەواتە جێی سەرسووڕمان نیە کە بە هەویای بەرز کردنەوەی پلەی خۆی بێ لە دەرباری دوکی وایماردا. باخ لەو سەردەمەدا کۆنسێرت مایستەر (بەرپرسی دەستەی موسیقا) بووو وەختێك سەرۆکە پیرو پەککەوتووەکەی لە دیسامبری ١٧١٦دا مرد، چاوەڕوان بوو بیکەن بە کاپل مایستەر (بەرپرسی موسیقا). بەڵام دوك بڕیارێکی دیکەی داو داوای لە "تلمان"، کە ئەوکات کاپل مایستەری شاری فرانکفۆرت بوو، کرد کە ئەو پلەیە وە ئەستۆ بگرێ، بە ڕواڵەت تلمان قبووڵی ناکا، بەڵام باخ دەبێ ڕەنجابێ (تەوەڵلا بووبێ)، چونکە تلمان هاوسونح و هاوتەمەنی بوو و ئەزموونێکی زیاتر لەویشی نەبوو. لە ئاکامدا باخ بە شوێن کار لە جێیەکی دیکەدا گەڕا. برازای دوکی وایمار، باخی بۆ کاپل مایستەری دەرباری شازادە لیۆپولدی کوتن پێ شیاو بوو. لیۆپولد ژنبرای گەنجتری دوکی وایمار بوو. باخ لە ئوتی ١٧١٧دا داوا لە دوکی وایمار دەکا ئیزنی بدا لە لای بڕوا، بەڵام داواکەی وەرناگیرێ. پاشان لە نوامبری ١٧١٧ دیسان داواکەی دووپات دەکاتەوە بەڵام بە هۆی لاساری و ڕووهەڵماڵدراوی ماوەیەك دەکەوێتە زیندانەوە. بەڵگەیەکی ڕاپۆرتەکانی سکرتاریەتی ڕێکخستنی دوکی وایمار ئاکامی ئەو دۆزەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

"لە شەشەمی نوامبری (١٧١٧) باخ، کۆنسێرت مایستەری پێشوو و ژەنیاری ئۆرگ، کە بە هۆی لاساری کردن لە لایەن دادوەری ناوچەوە دەستبەسەر بوو، ئاخری لە دووەمی دیسامبر بە وریا کردنەوە لەوەی کە لە خزمەتەکەی ڕازی نین، ئازاد کرا."

لە ئاکامدا شازادەی لیۆپولد، دوکی لاوی شاری کوتن، باخ دەکاتە کاپل مایستەری دەربارەکەی.

شازادەی گەنج کە بۆ خۆشی ژەنیار بوو، ڕێزی لە تواناییەکانی باخ دەگرت، مووچەی باشی دەدایە و بۆ دانان و بەڕێوەبردنی موسیقا، ئازادییەکی شایانی سەرنجی پێ دابوو. بەو حاڵەوە ناوبراو کالونیست بووو لە ڕێوڕەسمی (عیبادی)دا موسیقای بەکار نەدەهێنا. هەر بۆیە زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی باخ، بەرهەمگەلێکن کە بنەجو بناوانو نێوئاخنێکی دونیاییان هەیە. لەو بەرهەمانەدا دەتوانین ئاماژە بە "سوئیتە ئورکسترییەکان"، "شەش سوئیت بۆ ویلۆنی تاك سل" و "سونات و پارتیتاکان بۆ تاك ویلۆن" بکەین. ئەو کۆپلەیەی کە باخ بۆ چوارەمین کۆنسێرتۆی براندبۆرگ دایناوە، نیشاندەری بەرز بوونەوەی توانای ئاوازدانەر بۆ دانانی کۆپلە فوگییەکانە، بە بوونی هارپسیکۆرد هەر سازێك بە هۆی میلۆدییەکی زیندووەوە بە دوای سازێکی دیکەدا دێ، بە جۆرێك کە دەنگی هەر سازێکی تازەگەیشتوو لە بەرانبەر گرێچنێکی پێچەڵاوپێچ لە کونتر پوئاندا، کە لە بەرانبەر ئەو سازانەی پێشتر ژەنراون خۆی دەنوێنێ، ڕادەوەستێ.

لە حەوتی ژوئیەی ١٧٢٠ کاتێ باخ لەگەڵ شازادە لیۆپولد لە سەفەر بوو ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی دا. هاوسەری باخ، ماریا باربارا، لە نەکاو مرد. ساڵی دواتر، باخ لەگەڵ ئانا ماگدالنا ویلکە، گۆرانیبێژی لاوو بەبەهرە کە گۆرانیبێژی دەرباری کوتن بوو، ناسیاری پەیدا کرد. ئەو دووانە لە سێی دیسامبری ١٧٢١دا ، ئەگەرچی جیاوازی تەمەنیان ١٧ساڵ بوو( واتە کچە ١٧ساڵ لە باخ چکۆلەتر بوو) زەماوەندیان کردو وێدەچێ زەماوەندێکی خۆشیان بووبێ. ئەو دوو هاوسەرە، دوایی بوونە خاوەن سێ منداڵ.

ئەو شتەی لە دەرباری کوتن بوو بە هۆی ناڕەزایی باخ، ژنهێنانی شازادە بوو. ئەو زەماوەندە هۆگریی شازادەی بۆ موسیقا دابەزاندو چیتر بەو شێوەیەی کە باخ چاوەڕوانی دەکرد پلەکەی بەرز نەبۆوە. هەڵبژاردنەکانی باخ سنووردار بوون، چوونکی لە بەرەبەری چل ساڵەییدا نەیدەتوانی پێوەرەکانی بگۆڕێو لەگەڵ هەر هەلومەرجێکدا خۆی بگونجێنێ و دابەزینی پلەو پایەی خۆی قبووڵ بکا. لەو سەردەمانەداو لە ژوئەنی ساڵی ١٧٢٢دا، یوهان کونو کە کانتۆری توماس گیرشە (کلێسەی لوتری سنت توماس) بوو لە لاپیزیك مرد. ئەنجومەنی شار ئاگاداری گرۆیەی تلمان بۆ ئەو پلەیە بوونەوەو لە ئاکامدا ئەو پلەیەیان پێ دا. بەڵام ئەو کەسانەی تلمان کاری بۆ دەکردن مووچەکەیان بۆ زیاد کرد، بۆیەیە ئەویش پلەکانی قبووڵ نەکرد.

ئەنجومەنی شاری لاپیزیك پاش ئەوە وەسۆراخی کریستۆف گراپن - ناودارترین دانەری کانتات لەو سەردەمدا - کەوت، بەڵام ئەویش ئیزنی جێهێشتنی خزمەتی پێنەدرا. باخ ئەگەرچی لە هەموو ئەو هەورازو نشێوانەی بۆ هەڵبژاردنی کانتۆری توماس گیرشە گیرابوونە پێش، ئاگادار بوو، لە لایەن ئەنجومەنی شاری لاپیزیك، بە پێچەوانەی ویستیان، لە ڕێکەوتی ٣٠ مای ١٧٢٣بۆ پلەیە هەڵبژێردرا.

## بەرهەمی نوێ

فەرهەنگی "فارسی - کوردی"ی هەژیر

ئەم فەرهەنگە کە لە جۆری خۆیدا تا ئێستا بە یەکەم کاری لەو چەشنە دادەنرێ وشە و چەمکە فارسییەکان و هەروەها ئەو وشە و چەمکە ئینگلیزی و عەرەبییانەی لە خۆ گرتوە کە بوونەتە زاراوە لە زمانی فارسیدا و لە لایەن هاوکارمان هەژیر عەبدوللاپوورەوە ئامادە کراوە. ئەم بەرهەمە دەتوانێ بە کارێکی گرنگ لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا بژمێردرێ و ببێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسەران و وەرگێڕانی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم بەرهەمە لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی " موکریانی"یەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




بەم بۆنەیەوە دەستخۆشی و ماندوونەبوونی لە هاوکارمان هەژیر عەبدوللاپوور دەکەین.

"کوردستان"

# چەند کۆپلە شێعر

"١"

کە چاوم لە جێی سەرینی چۆڵی تۆیە
شەو لەگەڵ
تەنیایی و کەسەر
جینگڵ بە یەکتر دەدەین و
یەکتر لە سەر شان دەتلێنینەوە
ماندوو دەبێ،
وەڕەز دەبێ،
قەت ناتۆرێ!...

"٢"

هێندەم چاو لە ئاسمانی
شینی چاوەکانت بڕی
ئەمزانی بوو لەو گۆمە
سەدجار خنکاوم!...

"٣"

من جۆلانەیەکم بالم،
گوریسی
بە زام و ژان هەڵ پێچراوە
ئەگەر هاتی سرتەت نەیە
خەمی
دوو بەهاری جوانە مەرگن، ژێرم
کردوون
لە باوەشمدا وەنەوز دەدەن!...

"٤"

لە پاش ئەوەی هەڵۆ لە چیا
بە زامداری، تەریدە بوو
داڵە کەرخۆر،
قاقا بە لەشی زاماری چیا ئەتریقاوە
هەتا کسپەی زامی چیا
گەییشتەوە بۆ گوێی هەڵۆ،
بۆی گەڕاوە
شاپەری خۆ و تەلەزمێك
لە جەرگی چیای
کرد بە گۆمی چاوە کانی
بۆیە ئێستا
وەکو شەمشەمە کوێرەیە
لە هەرچی
قاقا و کەنین و ڕووناکییە، هەڵ پێژاوە...

هەڵگورد بۆکانی

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 497 5 Nov ct 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# خوێنی قوربانیانی قەتڵە زنجیرەیەکان بە تێپەرینی زەمان لە بیر ناچێتەوە

قادر وریا

لە بەرەبەری ١٠ ساڵەی قەتڵە زنجیرەییەکان دا، بنەماڵەی قوربانییەکانی ئەو تیرۆرە بەرنامەبۆدانراوە، لە ڕاگەیەندراوێك دا کە ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەری ئەمساڵ بڵاو بۆوە، ڕایان گەیاندوە:

"ئێمە لە سەر داخوازی خۆمان کە ئاشکراکردنی هەموو ڕاستییەکی پێوەندیدار بەم جینایەتە دژی مرۆییانە و، پێکهێنانی دادگایەگی خاوەن سەلاحییەت بۆ ڕاگەیشتنی بەم جینایەتانە، پێ دادەگرین. قەلاچۆی جیابیران لە ئێران کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و لە دەروونی دامەزراوە حکوومەتییەکانەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو، برینێکی سارێژنەبووی نێو ویژدانی گستیی کۆمەڵگای ئێرانە. هەر یەك لە ئێمە لە جێی خۆمانەوە لە دادخوازی لە بارەی ئەم جینایەتانەوە خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین".

ئەو کەسایەتییانەی بە شەهیدانی قەتڵە زنجیرەییەکان ناویان دەرکردوە بریتیین لە:داریووش وپەروانەی فرووهەر، محەممەد موختاری وجەعفەر پوویەندە. بەلام پێش تاوانی تیرۆری ئەم چەند کەسایەتییەش، دیکە لە ڕووناکبیران ودەستبەقەڵەمانی جیابیر لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرابوون. لەوانە دەتوانین برایم زاڵزادە، پیرۆز دەوانی، ئەحمەد میرعەلایی، غەفار حوسێنی، ئەحمەد تەفەزوولی، حوسێنی بەرازەندە وژمارەییەك ڕووناکبیرو کەسایەتیی ئایینیی سوننی مەزهەب، قەشە مەسیحیەکان و هتد ناو ببەین. ئەو مرۆڤانەی بەپیلان و نەخشەی وەزارەتی ئیتلاعات و بە ئاگاداریی جلەوبەدەستانی نیزامی فەرمانرەوا لە چوارچێوەی قەتڵە زەنجیرییەکان دا گیانیان لێ ئەستێندرا، هەموویان مرۆڤی زانا و ڕووناکبیر، بەلام ڕەخنەگری دەسەلات بوون وبوێرانە دژی دیکتاتۆری و ستەم دەنگیان بەرز کردبووە. کازم کوردۆوانی، لە یەکی بەفرانباری ١٣٧٧لە ڕێورەسمێك دا کە بۆ یادی قوربانیانی ئەم قەتڵە زنجیرەپیانە لە لایەن یەکیەتیی بلاوکەرەوە کتێب فرۆشانی تاران لە مزگەوتی نوور (مەیدانی د.فاتمی ) لە تاران پێك هاتبوو، وتارێکی زۆر جوان و پڕ نێوەرۆکی پێشکەش کردبوو لە بەرەبەری ١٠ساڵەی ئەم قەتڵە زنجیرەییانە دا، بەشێك لەم وتارە وەبیردێنینەوە. کوردۆوانی دەڵێ وتارە کورتەکەی خۆم لەو مەجلیسەدا، بەو قسەیە دەست پێ کرد کە دوا کتێبی بلاو بۆوەی (تا ئەوکات)ی محەممەدی موختاری، "تمرین مدارا" (ڕاهاتن بەوێکهەڵکردن)ەو، دوایین کتێبی بلاو بۆوەی جەعفەر پوویەندە لە بارەی "مافی مرۆڤ"ەوەیە. یەکیان باسی "وێکهەڵکردن"ی کردوە و ئەوی دیکە باسی "مافی مرۆڤ". بەلام بە پەتی خنکاندن وڵامیان درایەوە. ئایا دەکرێ لە نێوان "وێکهەڵکردن" و "مافی مرۆڤ" و "کوشتن"دا پێوەندییەك هەبێ؟ دوایە ئەمەشم لێ زیاد کرد: "رشيدالدين فضل‌الله وزیر" لە کتێبی "جامع‌التواريخ"دا دەنووسێ دەوروبەری ساڵی ٦١٨ کۆچی، چەنگیز خانی مەغوول، نیازی هێرشکردن بۆ سەر خارەزم و قەلاچۆی خەڵکی ئەوێی هەبوو. بەلام دەیزانی کە "نجم‌الدين کبری" لە عارفان و مەزنانی سۆفییەی سەدەی شەشەم و حەوتەم، لە خارەزم دەژی. بۆیە کەسێکی ناردە لای نەجمەدین و لێی ڕاسپارد کە من خارەزم قەلاچۆ دەکەم با ئەو لە نێویان دا نەمێنێ و ئەوێ بەجێ بێلێ. کە دیارە نەجمەدینی مەزن، ئەمەی قبوول نەکرد و لەگەل خەڵکی خارەزم دا کوژرا.

چەنگیز، هێرشکەر و خوێنخۆرێك کە بە هەزاران سەری دەبڕی، لە کوشتنی مەزنێکی بواری فەرهەنگ، پرینگایەوە و تەنانەت لێی ڕاسپارد کە لە شار وەدەر کەوێ تا نەکەوێتە بەر تیغی ئەو. بەلام هەشتسەد و چەند ساڵ دواتر و لەبەرەبەری هەزارەی سێهەم، لە مەملەکەتێك دا کە بە پێی قسەی کۆنینەناسان و مێژووزانانی موعتەبەر، پێشینەی شارستانەتی و کلتوورەکەی دەگاتە ٧ هەزار ساڵ لەمەوبەر، دێن بۆ خۆیان بە بێ بەشداریی کەسەکە، دادگا پێك دێنن و هەر بۆخۆیان ناوی "مورتەد" و "ناصبی" لە سەر دادەنێن و هەر بۆخۆشیان فەرمانی کوشتنی دەردەکەن و دواتریش بە دڕندانەترین و ترسنۆکانەترین شێوە، ئەو حوکمانەی هەر بۆ خۆیان دەریان کردوە، جێبەجێی دەکەن. ئایا ئەگەر بڵێین ئەم دلڕەشە جینایەتپیشانە لە مەغوول پیسترن، قسەیەکی ناڕەوامان کردوە؟"

بەلێ بە هۆی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانەوە، شەریفترین و فەرزانەترین کەسایەتییەکانی بواری کلتوور و هزر لە ئێران دا، لە نێو بران. لە دوای ئەم قەتلانە و لە ژێر گوشاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دا، ڕێژیم ناچار بوو بە شێوەی کاتی و بەو ئاشکرایەیی، کوشتاری جیابیران بوەستێنێ. تەنانەت هێندێك کاربەدەست و مۆرەی چنگ بە خوێنی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بە ڕواڵەت لە کارەکانیان دوور خستەوە. ڕۆژنامە حەقیقەتخواز و ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان دەستیان کرد بە لە قاودانی کارنامەی پڕتاوان و جینایەتی دام و دەزگا جاسووسی و سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانیان. بەلام، بەو هۆیەوە کە سەری هەموو داوەکان دەچوونەوە لای بەرزترین دەسەلاتدارانی ئەو ڕێژیمە و، ئاوەکە لەسەر چاوەوە لێڵ بوو، نەك هەر ڕەوتی لێکۆلینەوە و لەقاودانەکانیان وەستاند، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەش کە پێیان نابووە مەیدانی دادخوازیی ئەو قوربانییانە و، کاریان بۆ ڕوونبوونەوەی حەقیقەتەکان دەکرد،خستەبەر ڕق و غەزەب ولە بەندیخانەیان پەستاوتن.

ئێستا کە بەرەو بیرەوەریی دەیەمین ساڵی ئەم قەتڵە زنجیرەیی‌یانە دەچین، دەبێ دەنگی خۆمان بخەینە گەڵ دەنگی بنەماڵەی قوربانییەکانی ئەم تاوانە پڕ شوورەییانە و بە دەسەلاتدارانی خوێنرێژ و تاوانباری دوێنێ ، کە ئەمڕۆش هەروا جڵەوی دەسەلاتیان بە دەستەوەیە، بە دەنگی بەرز ڕابگەیەنین: تێپەڕینی زەمان، جینایەتەکانی ئێوە و خوێنی ڕۆڵەکانمان لە بیر ناباتەوە و، لە سەر ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەم تاوانە و پێکهاتنی دادگایەکی خاوەن سەلاحییەت بۆ ڕاگەیشتن بەم جینایەتانە، هەروا پێداگرین.

# کۆچی دوایی کوبرا ئەڵڵاوەیسی چالاکی بواری ژنان لە دەرەوەی وڵات



خاتوو کوبرا ئەڵڵاوەیسی ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٨/١٠/٢٨ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئۆسلۆ لە تەمەنی ٦٢ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

خاتوو کوبرا ئەڵڵاوەیسی هاوسەری خوالێخۆشبوو کاك خەلیلی گادانی و خوشکی کەریم ئەڵڵاوەیسی کادری تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

بەم بۆنەیەوە پێشنیوەڕۆی ڕێکەوتی ٩ی خەزەڵوەر، ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکان و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشکەش کرا. قادر وریا لە قسەکانیدا وێڕای باسێکی کورت لە سەر کەسایەتیی خاتوو کوبرا، لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە سەرەخۆشی لە هەر دوو بنەماڵەی ئەڵڵاوەیسی و گادانی کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا تێکۆشەری دێرینی حیزب، جەلیل گادانی لە لایەن بنەماڵەی گادانی و ئەڵڵاوەیسییەوە سپاسی بەشدارانی ڕێورەسمی پرسەو سەرخۆشیی خاتوو کوبرای کردو سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی پێشمەرگانەی ناوبراو وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەدوای ئەو دا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە لە لایەن خوشکە زلێخا جەشنی، ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

# سێهەمین فستیڤاڵی بەیت و حەیران لە سەردەشت بەڕێوەچوو





ڕۆژانی ٨ و ٩ی خەزەڵوەر سێهەمین فیستیڤاڵی بەیت و حەیران لە شاری سەردەشت بەڕێوەچوو.

لە سێهەمین فیستیڤاڵی بەیت و حەیران دەیان هونەرمەندی کورد لە شارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و باکووریی خوراسان لە بوارەکانی بەیت، حەیران، مەقام، لاوك و تەکنەوازیدا بەشدار بوون. لەو فستیڤاڵەدا کە دوو ڕۆژی خایاند، ١٢ کەس و لە هەر بوارێکدا ٣ کەس خەلات کران.

لە حەیران دا ئەبووبەکر ئارەزوو لە پیرانشار، شێرزاد حەسەن زادە لە شاری سەردەشت و قادر ماڵەدۆمی لە بانە خەلات کران. لە بواری بەیت دا محەممەد فەتاحی لە بۆکان، ڕەحمەت ڕۆستەم پوور لە سەردەشت و ناسر کەریمی لە بۆکان خەلاتیان پێبەخشرا. خەلاتی بواری مەقامیش درایە هەر یەك لە هونەرمەندان حوسێن وەلی نژاد لە باکووری خوراسان، محەممەد گۆمانی لە سەردەشت و سەفەر عەلی ئیزەدی لە باکوور خوراسان.

هەروەها خەلاتەکانی تەکنەوازی بە دوو هونەرمەندی لورستانی هیممەت عەلی ڕەزایی ڕاد و فەریدون سپی وەند و حوسێن ڕەسووڵی هونەرمەندی کوردی دانیشتووی تەورێز بەخشرا.

جێی ئاماژەیە هونەرمەندان سەلاح خزری، عەلی عابدی و ئەیووب نەوبەخت لێژنەی داوەرانی فیستیڤاڵیان پێك دەهێنا.

شایانی باسە لەو فستیڤاڵەدا چەند هونەرمەند وەکوو پێشەنگارانی بواری هونەری ڕەسەنی کوردی خەلاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا کە بریتی بوون لە هونەرمەندان خلە دەرزی، قالە شین، سەید عەلی سەردەشتی، حەسەن نازدار و ئەحمەد مەندە.

# لە بۆکان ڕێز لە یادی میسباحودیوانی ئەدەب گیرا

کۆنگرەی ڕێزگرتن لە شاعیری ئەوین و جوانی میسباحودیوانی ئەدەب لە ڕۆژەکانی ٢ و ٣ی خەزەڵوەر لە سالۆنی سینەمای شاری بۆکان لە لایەن ئەنجوومەنی ئەدەبیی ئەو شارەوە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای کۆنگرەکەدا غەزەلێکی مامۆستا ئەدەب لە لایەن پێشکەشکارانی بەرنامەکەوە دوکتور مێهری پاکزاد و عومەر ڕەسوولیەوە خوێندرایەوە و دواتر سەعید نەجاڕی (ئاسۆ) بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆکان وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران، وتەیەکی سەبارەت بە شێعر و ژیانی مامۆستا ئەدەب پێشکەش کرد. لە درێژەدا عەلی حەیدەری لە لایەن بنەماڵەی مامۆستا ئەدەبەوە پەیامێکی پێشکەش کرد.





لە دانیشتنی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا هەر یەك لە یونس ئەمین پوور و کەریم دافعی وتاریان خوێندەوە و لێژنەی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانیش لەو دانیشتنەدا لە بەڕێزان ئەحمەد بەحری، یونس ڕەزایی، فەتاح ئەمیری، کەریم حیکمەتی، حیسامەدینی ئەمین پێکهاتبوو. لە دانیشتنی دووەمی ڕۆژی یەکەم دا گوڵاڵە دروودیان، کاوە حەسەن پوور و ئەمین گردیگلانی وتاریان خوێندەوە و لێژنەی هەڵسەنگاندنی وتارەکان لە ساڵح سوزەنی، سوارە فتووحی، کەماڵ حەسۆ، برایم ئیسمائیل پوور و حەسەن شوان پێکهاتبوو. ڕۆژی یەکەمی کاری کۆنگرە تا کاتژمێر ٨ی ئێوارەی خایاند.

لە ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا ئەحمەدی چاك، موزەففەر یوسفی و دیاکۆ مورادی وتاریان خوێندەوە و لێژنەی هەڵسەنگاندنیش بریتی بوون لە سولەیمان دڵسۆز، فاروق کەیخوسرەوی، عەلی قاسمی، یونس ڕەزایی و ئەمین گەردیگلانی.

لە درێژەی بەرنامەکانی ڕۆژی دووەمی کۆنگرەدا سەجادی یەزدانفەڕ کە لە شاری کرماشانەوە بەشداریی کردبوو لە وتەیەکدا سوپاسی بەڕێوەبەرانی کۆنگرەی کرد و پاشان وتارە سەرکەوتووەکان و ئەو کەسانەی لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا زەحمەتیان کێشابوو، خەلات کران.





# حکوومەتی ئەمریکا یەکەمین گۆڤاری بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە

ڕێکەوتی ٣ی نوامبر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی‌دا لە شاری هەولێر لوسی تاملین ڕێکخراوی ناوچەیی هەرێمی کوردستانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق بڵاوکردنەوەی یەکەمین گۆڤاری کوردیی حکوومەتی ئەمریکای ڕاگەیاند. ناوبراو گوتی ئەوە یەکەمین جارە گۆڤارێك لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە بە زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە. لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا جاناتان بیرا ڕوونی کردەوە کە ئەم گۆڤارە ناوی "ئەمریکا ژۆرناڵی‌یەو" لە لایەن بیرۆی بەرنامەی نێونەتەوەیی وەزارەتی ئەمریککاوە بە چەند زمانی جۆراوجۆر بڵاودەکرێتەوە.

جێگای باس یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە بە زمانی کوردی تایبەت کراوە بە هەڵبژاردنی ئەمریکاو کاندیاکانی سەرۆك کۆماریی‌و جێگرەکان و سیستمی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا.